م. ئاوات ئەحمەد موحەممەدسالّح

٢٠٢١ - ٢٠٢٢




# واتاسازی

# سیمانتیک & پراگماتیک

بۆ قوتابییانی قۆناغی چوارەمی بەکالۆریۆس

لە

بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سەلاحەدین

## ئاستەکانی شیکردنەوە زمان و واتاسازی:

زمان لە خودی خۆیدا سیستەمێکی ئاڵۆز و دیاردەیەکی سیستەماتیکییە و بە یەکگرتوویی کار دەکات، بەڵام زمانناسان بۆ ئاسانکردنی لێکۆڵینەوە زمانیان بۆ سەر چەند ئاستێکی جیاواز دابەش کردووە، دیارە ئەم دابەشکردنەش بۆ ئەوە نییە گرنگی ئاستێک لەسەر ئاستەکانی تر نیشان بدرێت، بەڵکو تەنیا بۆ کار ئاسانییە.

ئاستەکانی زمان بە گشتی پەیوەندییەکی تێکچڕژاویان هەیە، واتە هەموو ئاستەکانی زمان لە کاردا تەواوکەری یەکترین، بۆیە هەندێک زمانناس وای بۆ دەچن کە، زمان واتایە و خراوەتە قاڵبی دەنگەوە لەم سۆنگەوە دەکرێ درک بە پەیوەندی نێوان هەردوو ئاستی دەنگسازی و واتاسازی بکەین، هەروەها دەکرێت بە سوود وەگرتن لە (دەنگ/پیت) وشە/مۆرفیم بەرهەم بهێنین و بە سوود وەرگرتن لەوانیش کەرستەی گەورەتر بەرهەمبهێنین، زمانناسان لە دیاری کردنی ئاستەکانی زمان بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بەڵام بە گشتی زمان بە دوو شێوە دابەش دەکەن هەندێک ئاست سەرەکی و هەندێک کیتر لاوەکین، ئاستە سەرەکییەکان بریتیین لە رستەسازی و وشەسازی و دەنگسازی هەندێک زمانناسی تر لایان وایە کە، نابێت ئاستی واتاسازی پشت گوێ بخرێت، واتا کاریگەریی راستەوخۆ دەکاتە سەر هەموو ئاستەکانی تری زمان.

١ – فۆنەتیک: بریتییە لەو زانستەی لە دەنگ دەکۆڵێتەوە لەرووی دروستکردن و درکاندن و وەرگرتن، وەک دیاردەیەکی مرۆڤایەتیی.

٢ – فۆنۆلۆژی: بریتییە لەو زانستەی لێکۆڵینەوە لە دەنگ دەکات لە زمانێکی دیاریکراو، لێکۆڵینەوە لە یاسا دەنگیی و یاساکانی رۆنانی بڕگە....تد دەکات.

واتاسازی ئاوات ئەحمەد

٣ – مۆرفۆلـۆژی: بـریتییە لەو زانسـتەی لێکـۆڵنەوە مۆرفیمـو وشـەکانی زمانێکـدا دەکـات، بەرپرسـە لە یاسـاکانی دارشـتنی مـۆرفیم و وشـەکان، دەستنیشـانکردنی جۆرەکانی مۆرفیم و وشە.

٤ – سـینتاکس: بـریتییە لەو زانسـتەی لێکـۆڵینەوە لێکـدان و خسـتنەپاڵ یەکتـری وشـەکانی زمانێـک دەکـات بـۆ دروسـتکردنی دانەی گەورەتـری وەک گـریێ و رستە دەکات.

٥ – سـیمانتیک: بـریتییە لەو زانسـتەی لێکـۆڵنەوە لە دیـوی نـاوەی هێماکـانی زمان دەکات، بە بێ گەڕانەوە بۆ دەورووبەر.

٦ – پراگماتیـک: بـریتییە لەو زانسـتەی لێکـۆڵنەوە لە هێمـای زمـانی و نازمـانی دەکـات بە پشـت بەسـتن بە هەنـدێکک بـابەتی وەک دەورووبەر و کردەقسـەییەکان و ...تد.

## زاراوەی واتاسازی: (Semantics)

زاراوەی واتاسـازی یەکـێکە لە زاراوە تەکنیکییەکـان، لە بـواری لێکـۆڵینەوە واتاییەکانـدا بەکاردێـت. لەبەر ئەوەی لەسـەردەمانی کـۆن وا بـاوبوو کە، (فەلسـەفە) دایکـی گشـت زاسـتەکانی تـرە، بـۆیە لە روانـگەی فەلسـەفییەوە سـەیری هەمـوو زانسـتەکانی تـر دەکـرا، بـۆیە دەکرێـت بڵێـین (فەیلەسـوف) لە هەمـوو زانسـتەکانی تریشـی دەکـۆڵیەوە، زاراوەی واتاسـازی وەکـو زۆربەی زاراوەکـانی تـری بـوارە جیاجیاکـان، ریشـەکەی دەگەڕێـتەوە بـۆ (یونـانییە کۆنەکـان)، زاراوەی (واتاسـازی – Semantics) لە وشـەی (Sema)ـی یۆنانییەوە هاتووە، کە بە واتای (نیشانە – رەمز) دێت.

زاراوەی (واتاسـازی – Semantics) بـۆیەکەم جـار لەلایەن زماناسـی فەرەنسـی (میشـێل بریێل)ـەوە بەکارهێنـدرا لە سـاڵی ١٨٨٣، بەڵام پـێش ئەوەیش ئەو زاراوەیە هەر بەکاردەهـات، بەڵام بە بەکارهێنـانێکی جیـاواز لەو واتـایەی



واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

ئێستا هەیەتی وەک بواری فەلسەفیی و بواری زانستی پەنهانناسیی (علم الغیب)، دوای ئەوەی بریێل لە ساڵی ١٨٨٣دا ئەم زاراوەی بەکارهێنا، سێ ساڵ دوای ئەوە ئینگلیزەکانیش بەکارهێنا، دوای ئەوەش زاراوەکە بە وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکا بڵاوبووەوە دوای ئەوەش گەیشتە لای عەرەبەکان، عەرەبەکانی بەرامبەر زاراوەی (Semantics) زاراوەی (علم الدلالة) بەکاردەهێنن، ئەوەی پەیوەستیش بێت بە زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دوای کردنەوەی خوێندنی باڵا لە زانکۆی سەلاحەدین. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە زمانی کوردیدا بەرامبەر زاراوەی (Semantics) زاراوەی (واتاسازی) بەکاردێت، بە بۆچوونی ئێمە ئەم زاراوەیە بە تەواوەتی بەرامبەر زاراوە بیانییەکە ناوەستێت، چونکە زاراوە کوردییەکە بەم شێوەیە دروست بووە: (واتا)+(ساز)+(ی)، بەشی یەکەمی زاراوەکە واتایەکی روونی هەیە و دەزانین چۆن بەکاردێت، بەڵام بەشی دووەمی زاراوەکە کێشەکە دروست دەکات، چونکە (ساز) لە چاوگی (ساختن)ی فاسییەوە هاتووە، بە واتای (دروستکردن) دێت، ئەوەی جێگەی سەرنجە (واتا) خۆی لە خودی زمانەکەدا هەیە و پێویستی بە دروستکردن نییە، بۆ وا گونجاوترە، لە بری (واتاسازی) بگوترێت (واتاناسی) یان (زانستی واتا).

## ناساندنی واتاسازی: (Semantics)

چەمکی واتاسازی بوارێکی فراوانەوە و قسە و باسی زۆری لەبارەوە کراوە، چونکە زانستی واتا، یەکێکە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان. لە زانستەمرۆڤایەتییەکانیشدا، بوونی راستی و حەقیقە بە شێوەیەکی رێژەییە، لەلایەکی تریشەوە کەمنین ئەو تیۆر و قوتابخانانەی لێکۆڵینەوەیان لەبارەی چەمکی واتاوەکردووە، هەریەکەیان بەپێی رێبازێکی جیاواز دەڕوانێتە واتا، بۆیە بە گونجاوی دەزانین کە لێرەدا چەند پێناسەیەکی واتاسازی بخەینەروو:

پرۆفیسـور (دیڤـد کریسـتەل) لە کتێبی فەرهەنگی زاراوەی زمـان و فۆنەتیک بەم شێوەیە پێناسەی واتاسازی کـردووە: (بەشێکی سـەرەکی و گرنگی زانستی زمانە و پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەی واتاسازیەوە هەیە.)

جـۆرج یـول لە کتێبی سیمانتیکسدا دەڵێت (واتاسـازی لێکـۆڵینەوەیە لە واتـا)، دیارە خۆیشی ئاماژە بـۆ ئەوە دەکات، ئەم پێناسەیە کاتییە، هەرکاتێک لەوەمان باشتر دەستکەوت، ئەوە پێناسەیە دەگۆڕین.

پرۆفیسـۆر أحمـد موختـار عـومەر لە کتێبی زانسـتی واتـادا دەڵێت (واتاسازی ئەو زانستەیە لە واتای وشە دەکۆڵێتەوە)

پرۆفیسـۆر ئەورەحمـانی حـاجی مـارف لە کتێبی وشـەی زمـانی کوردیدا دەڵێت (واتاناسـی ئەو بەشـەی زانسـتی زمـانە لە گشـت ئەو مەسـەلانە دەکـۆڵێتەوە کە، پەیوەنـدییان بە واتـاوە هەیە.) کەواتە واتاسـازی زانسـتێکە لە واتـا و هەمـوو ئەو کێشـە و ئاریشـانە دەکـۆڵێتەوە کە پەیوەسـتن بە بـواری واتـا، واتاسـازی لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوانە ناو و ناوڵندراو....

## گرنگی واتاسازی:

واتاسـازی یەکێکە لە ئاستە هەرە گرنگەکانی زمـان، چـونکە پەیوەنـدی راسـتەوخۆی لەگەڵ سـەرجەم ئاسـتەکانی تـری زمـان هەیە، و کـاریگەری راسـتەوخۆ دەکاتە سـەریان. هەربـۆ نمـوونە کاتێک ئـێمە مەرجەکانی بـوون بە (فـۆنیم) لە زانسـتی فۆنۆلۆجیجـا دادەنێین، ئەوە یەکێک لە مەرجە سـەرەکییەکان ئەوەیە، دەبێت فـۆنیم ببێتە هـۆی گـۆڕینی واتـا، هەروەهـا لە پێناسـەی وشـە پشـت بەلایەنـی واتـایی دەبەسـترێت، ئەو بۆچـوونە بۆئاسـتی رستەسـازییش دروسـتە، بـۆیە هەنـدێک زمانناس پێیان وایە (زمـان بـریتییە لە واتـا و بەدەنـگ دەربـڕدراوە)، پەیوەنـدی ئاسـتی واتاسـازی بە ئاسـتەکانی تـری زمـان بە جـۆرێکە ئەگەر لەیەکترییـان داببـڕین، ئەوە کێشـە بـۆ ئاسـتەکانی تـر دروسـت دەبێت، بـۆ نمـوونە دەکرێت ئـێمە کۆمەڵێک دەنـگ بەدوای یەکتـری ریـز بکەیـن، بەڵام ئەگەر

واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

واتایان نەبوو، ئەوە بە وشە هەژمارناکرێت، ئەم بۆچوونە بۆ رستەش دروستە، هەربۆیە زمانناسێکی وەک (جۆن لاینز) دەڵێت (رستە لەسەر دوو بنەما بەندە ١ – پەسندی رێزمانیی ٢ – پەسندی واتایی)، ئەم نموونانەی سەرەوە هەندێک لە گرنگییەکانی واتاسازییان دەرخست.

## سنووری واتاسازی:

دیارە هەر زانستێک کۆمەڵێک سنووری دیاری کراوی خۆی هەیە، بۆ ئەنجامدانی کارەکانی. زانستی واتاسازیش لە سنوورێکی دیارکراو کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات، دەکرێت سنوورەکانی واتاسازی لەم چەند خاڵەدا چڕ و پوخت بکەینەوە:

١ – واتاسازی لەو جۆرەی واتا دەکۆڵێتەوە کە، رێککەوتنی کۆمەڵگەی لەسەرە. بە واتایەکی تر ئەو جۆرە واتایانە ناگرێتەوە کە تاکە کەسێک بە بۆچوونی تاکەکەسی خۆی دروستی کردووە، ئەوەش ئەمە دەردەخات بۆچوونی تاکەکەسیی رۆڵی نییە لە نیشانکردنی واتادا.

٢ – واتاسازی لە واتای ئەو وشە و رستانە دەکۆڵێتەوە کە، خاوەنی واتایەکی روونن و دوورن لە بابەتەکانی گریمانەکاریی و دەورووبەر، بە واتایەکی تر هەریەکە لە گریمانەکاریی و دەورووبەر هیچ رۆڵێکیان نییە لە دەستنیشانکردنی واتای وشە و رستەکان.

٣ – واتاسازی پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ئاستی رێزماندا هەیە، هەر بۆیەشە لە واتای ئەو وشە و رستانە دەکۆڵێتەوە کە رێزمان دروستی کردوون، واتە هەر گۆڕانێک لە رێزمان روویدات، دەبێتە هۆی گۆڕینی واتاش.

٤ – واتای بەدەست هاتوو لە واتاسازیدا هەندێک جار لێڵە، بە تایبەتی لە واتای وشەدا. بۆیە هەندێ زمانناس بڕوایان وایە کە، واتای وشە بریتییە لە کۆی بەکارهێنانەکانی. بۆ نموونە ئەگەر وشەی (کۆلێژ) وەربگرین، ئەوە لەلایەک واتایەکی روونی هەیە، چونکە هەموومان دەزانین کۆلێژ یەکێکە لە

واتاسازی م.ئاوات ئەحمەد

دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا و دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی دێت، بەڵام هەمان وشە واتاکەی روون نییە، چونکە نازانین مەبەست کامە کۆلێژ، و چ قۆناغێک و چ بەشێک لە کۆلێژەکەدا.

## مێژووی واتاسازی:

واتاسازی مێژوویێکی کۆن و دووروودرێژی هەیە، رەگ و ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هندییەکۆنەکان، ئەم قسەیە بەو واتایە دێت کە، مێژووی واتاسازی دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی یۆنانییەکان، بۆ زیاتر روونکردنەوەی مێژووی واتاسازی دەبێت بە پێی نەتەوەکان مێژووەکە نیشان بدەین:

### ١ – لای هندییەکۆنەکان:

بەپێی ئەو سەرچاوانەی تا ئێستا لەبەردەستدان، هندییەکۆنەکان یەکەم نەتەوە بوون لە واتاسازیان کۆڵیوەتەوە. بە تایبەتی زمانناس و فەیلەسوف (پانینی) کاتێک لیکۆڵینەوەی لە زمانی سانسکریتی و پەرتووکی (ڤیدا)داکرد، کۆمەڵێک بابەتی واتاسازی ورووژاند. یەکێک لەو بابەتانەی سەرنجی هندییەکانی راکێشابوو بریتیی بوو لە پەیوەندی نێوان وشە و واتاکەی، لەم بارەیەشەوە دوو بۆچوونی جیاوازیان هەبوو، یەکەمیان بڕوای وابوو پەیوەندی نێوان وشە و واتاکەی راستەوخۆ دەبێت، چونکە دەربڕینەکان وێنەیەکی تەواوی شتەکان دەکێشن، بەڵام بۆچوونی دووەم بڕوایان وابوو پەیوەندی نێوان وشە و واتاکەی پەیوەندییەکی هۆییە، وەک پەیوەندی نێوان (ئاگر و دووکەڵ) هەروەها هندییەکان گرنگی زۆریان بە بابەتی (دەوروبەر – Context) دەدا، کەئەمڕۆ یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی واتاسازی، هەروەها چەندین جۆری واتایان دەستنیشان کرد، وەک (واتای گشتی، واتای حەقیقی، واتای تایبەتی....تد)

## ٢ – لای یۆنانییەکان:

یۆنانییەکان هەروەک چۆن لێکۆڵینەوەیان لە زۆربەی زانستەکان دەکرد، واتاسازیش بەدەرنەبوو لە لێکۆڵینەوەی ئەوان. سەرەتای لێکۆڵینەوەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ گفتوگۆ فەلسەفییەکانی نێوان (ئەفلاتوون) و (سۆکرات)، بە تایبەتی کفتوگۆکان لە بارەی (وشە و واتاکەی)، ئەفلاتوون پێی وابوو ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی سروشتییە، واتە پەیوەندی نێوان ناو و ناولێندراو پەیوەندییەکی لەخۆوەنییە، دوای ئەوانیش ئەرستۆ کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی کرد، بە تایبەتی توانی سنوورێک بۆ بەکارهێنانی یاریکردن بە وشەکەکان دابنێت، هەروەها بڕوای وابوو پەیوەندی نێوان وشە و واتاکەی ڕێککەوتنی کۆمەڵگە لەسەرە.

## ٣ – لای عەرەبەکان:

عەرەبەکانیش گرنگی زۆریان بە بواری واتاسازی و دانانی فەرهەنگ داوە، سەرەتای لێکۆلنەوەکانیشیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نەفامی و پێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ئەو کاتە عەرەبەکان شاعیری زۆریان هەبوو، لە ڕۆژێکی دیاریکراودا شیعرەکانیان لە بازاڕی (عکاض) لە مەککەدا بە لێکۆڵەر و ڕەخنەگر (نابغة الذبیانی) دەدا، بۆئەوەی هەڵیانسەنگێنێت و باشەکانیان بە دیواری (کەعبە)وە هەڵدەواسران، دیارە لەوسەردەم عەرەبەکان باسی هەندێک دیاردەی واتاییان کردووە، وەک بەکارهێنانی وشەی (هاوواتا)، کە عەرەب زۆر شانازی پێوە دەکات، هەروەها باسی هەندێ بابەتی تریان کردووە، وەک واتای حەقیقی و واتای مەجازیی.

## جۆرەکانی واتا بەگشتی:

چۆن پێناسەیەکی گشتگیر بۆ واتاسازی نەبوو، ئاواش لە دەستنیشان کردنی جۆرەکانی واتا زمانناسان مشت و مڕیانە بەڵام لە ناوەڕۆک هەموویان یەک شت دەڵێتن بۆ نموونە

١ - د. ئەورەحمانی حاجی مارف دەلێت : واتا دوو جۆرە

أ - واتای حەقیقی ب - واتای مەجازی.

٢- د. محمدمعروف فتاح دەلێت : واتا سێ جۆرە

أ - واتای هۆشەکی :لە هەموو جۆرەکانی تری واتا سەرەکی ترە.

ب - واتای لاوەکی کە ئەویش بریتییە لە ( واتای شێوازی ، واتای بیرەکی)

ج - واتای بابەتی

٣ - لاینز Lyons دەلێت: دوو جۆر واتا هەیە:

أ - واتای بنجی ب - واتای لاوەکی

٤ - د. أحمد مختار دەلێت : پێنج جۆر واتا هەیە:

أ - واتای بنەڕەتی کە واتای وشەیی و هۆشەکییە.

ب - واتای لاوەکی ئەو واتایانەیە کە وشە دەیگەیێنێت لە پاڵ وشەکانی تر.

ج - واتای شێوازی د- واتای دەروونی و- واتای ئاماژەیی.

٥ - د. عبدالواحید مشیر دزەیی دووجۆری واتا دەسنیشان دەکات

أ - وەسفی

ب - ناوەسفی ( راگەیاندن ، شێوازی ، دەروونی ، رەنگدانەوە ، هاوڕێیەتی)

## واتای وەسفی - هۆشەکی (فەرهەنگیی)

ئەوجۆرە واتایە واتای نەگۆڕی هەیە، مەبەست لە واتای فەرهەنگی ئەو واتا بنچینەییە کە، کۆمەڵگە بۆ وشەکانی داناوە و لەسەری رێککەوتوون، ئەوجۆرە واتایە سەرەکی ترە لە هەموو ئەوانی تر لەبەر چەند هۆیەک واتای هۆشەکی خاوەنی رۆنانێکی وا رێکە بەئاسانی بەراورد دەکرێت لەگەڵ ئاستەکانی دەنگسازی و رستەسازی، رۆنانەکەش لەسەر بنەمای سیمای جیاکەرەوە و بنەما پێکهێنەرەکان بەندە. هەروەها ئەم جۆرە واتایە هۆیەکی سەرەکییە بۆ لەیەکتر گەیشتن، کەواتە واتای وەسفی رۆنانێکی وەک (ژن) بەم شێوەیە دەبێت (+ مرۆڤ + مێ + هەراش + شوکردوو +..تد) هەر لە رێگەی



واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

ئەو جۆرە واتایەوە دەتوانین پەیوەندی نێوان وشەکانی زمان دەست نیشان بکەین وەک (هاوواتا، دژواتا ،....تد).

## واتای ناوەسفی (بارکراو)

### ١ - واتای دەروونیی(کاریگەریی)

ئەم جۆرەی واتا تێکەڵ بە باری دەروونی قسەکەر دەبێت، واتە باری دەروونی قسەکەر لە ئاخاوتنەکانی رەنگ دەداتەوە، واتایەکی جێگیری نییە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، ئەو واتایە واتایەکی کەسی خودی و تایبەتە، گومانی تێدا نییە هەرکاتێک قسەیەک یاخود ئاخاوتنێک بکەوێتە دەستی قسەکەر تێکەڵ بەهەست و سۆزی دەبێت. بۆنموونە وشەی (هەڵەبجە، ئەنفال، مەڕ، جوولەکە، رێوی...تد)

### ٢ - واتای شێوازیی:

ئەوجۆرەی واتا بەشێک لە زمانەکە لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە، شێوازی قسەکردن و پلە و ئاستی رۆشنبیری و پلەی خوێندەواری و ناوچەی جوگرافی و زار وشێوە زار زانیاریمان دەداتی دەربارەی قسەکەر و گوێگر. هەروەها ئەم جۆرەی واتا جۆری زمانی دەستنیشان دەکات وەک زمانی بازاری یا فەرمی ..... بۆ نموونە هەریەک لە (ژنی ، ئافرەت ، داکی منداڵان ...تد) ئاماژە بۆ چینێکی کۆمەڵ دەکات. یا لە شێوەزاری هەولێر (بەفر) و لە شێوەی سلێمانی (سەهۆڵ) لە شێوەی کرمانجی سەروو (بەرف) بەکاردێت.

### ٣ - واتای راگەیاندن:

ئەم جۆرەی واتا لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنان و تاقیکردنەوە و زۆر دووبارەبوونەوە، واتای باش یا خراپ دەدات بەدەستەوە ، لەلایەن کەسەکانەوە. بۆنموونە (کوندەبەبۆ) لە کۆمەڵگەی کوردیدا واتایەکی خراپ و شومی هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی وەک بەریتانیا واتایەکی باشی هەیە و

واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

واتای کامەرانی و باشی دەبەخشێت. هەریەکە لە (گوڵ، زێر، پشیلە، بەراز، تاوس، پەپوولە،....تد) هەریەک لەو وشانەی سەرەوە راگەیاندنی خۆیان هەیە جا چ باش بێ یا خراپ.

## ٤ - واتای رەنگدانەوە:

هەندێک زمانەوان بە واتای (بیرەکی – تێکەڵ) ناوی دەبەن. ئەو واتایە کاتێک بوونی دەبێت کە، کاتێک وشەیەک زیاتر لە واتایەکی هەبێت، کاتێک گوێ بیستی یەکێک لە واتاکانی دەبین واتاکەی ترمان بێتەوە یاد، ئەو واتایە بارکراوە لە واتایەکی هۆشەکی دیاریکراو لەئەنجامی بەکارهێنانی لە بارێکی تردا. بۆیە ( ئۆلمان Ullman)لە کتێبی (رۆڵی وشە لە زمان) باس لە واتای رەنگدانەوە دەکات و سێ جۆری لێ دەستنیشان دەکات:

١ – کارتێکردنی دەنگی : هەندێک وشە ئاماژە بۆ دەنگی سروشتی دەکەن یا لە دەنگەکانی سروشت وەرگیراون گڤەگڤ واتای بای بەهێز ، میاواندنی پشیلە، حەپینی سەگ...تد. کە گوێمان لەو دەنگانە دەبێت ئەوا وێنە هۆشەکیەکەمان دێتە نێو خەیاڵ و مێشک.

٢ – کارتێکردنی وشەسازی: ئەمە زیاتر پەیوەندی بە رێگەکانی دارشتنی وشەوە هەیە وەک (دارشتن، لێکدان) بۆنموونە کاتێک ئێمە لەرێگەی لێکدانی هەردوو وشەی (ماست، ئاو) وشەی (ماستاو) رۆدەنێین و باسی دەکەین، ئەوە راستەوخۆ هەریەکە لە (ئاو) و (ماست)ـمان بیر دێتەوە.

٣ – کارتێکردنی واتایی: ئەمە زیاتر پەیوەستە بە وشەی (ئیدیەم، میتافۆر، وشەی هاوبێژ و فرەواتا)ـیە .بۆیە لیچ–Leech بڕوای وایە کە، (أنعکاس– Reflectedmeaning) هەندێک زمانەوان بە (وشەی تابۆ– TabooWords)ناوی دەبەن. بۆنموونە (سەرەتان= دەردەپیسەکە) یا باس نەکردنی هەندێک ئەندامی لەشی مرۆڤ.

## ٤- واتای هاوڕێیەتیی:

ئەو جۆرەی واتا بریتییە لە واتا وشەکان لە سنووری رستە. بە واتایەکی تر بەو پەیوەندییە دەگوترێت کە لە نێوان وشەیەک و وشەکانی تری پێش و دوای خۆی هەیەتی. بۆ نموونە کاتێ کە دەڵێتی (کاڵ) ئەو هەرزوو بیرمان بۆ وشەی (چاو) دەڕوات واتە واتای کاڵ لە گەڵ چاو هاوڕێیەتی زۆری هەیە و واتاکانیان تا رادەیەک بەیەکەوە گرێ دراون. هەرچەندە وشەی کاڵ لەگەڵ کۆمەڵێ وشەی تریش هاوڕێیەتی هەیە.

## هێمالۆژی (Semiotics) و واتاسازی: (Semantics)

هێما کاکڵە و کەرستەی زانستی هێمالۆژییە، چەمکی هێما بریتییە لەوەی نوێنەرایەتی شتێک دەکات کە، خۆی نییە. کەواتە هێما دوو رووی هەیە کە ئەوانیش (فۆرم و واتا)ـن، فۆرم بریتی دەبێت لە شێوەی دەرەوەی هێما واتە ئەگەر هێماکە هێمایەکی زمانی بێت، ئەوە فۆرم یەکسان دەبێت بە زنجیرە دەنگێک کە وشە و فرێز و ....تد دروست کردووە، هەرچەندە زنجیرە دەنگەکە نوێنەرایەتی ئەو شتە دەکات کە هەیە، بەڵام خودی شتەکە نییە. بۆ نموونە کاتێ ئێمە دەڵێین (پەرتووک)، ئەو پێکهاتووە لە چەند دەنگێک (پ،ە،رت،وو،ک) کە دەبێتە فۆرم بۆ هێمای (پەرتووک) نەک خودی پەرتووک خۆی، ئەمەش ئەو راستییە دەردەخات کە فۆرم و واتا لە نێوان زمانەکان جیاوازن، ئەگەر رێککەوتنی کۆمەڵایەتی نەبوایە ئەوە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا یەک فۆرم بەرامبەر یەک واتا دەبوو. لێرەدا ئەوە روون دەبێتەوە کە، رێککەوتنی کۆمەڵایەتی رۆڵێکی گرنگی هەیە لە نێو خودی زمانەکەدا، پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا لە هێمادا پەیوەندییەکی بەهێزە و بە جۆرێکە هیچ کامیان بەبێ ئەوی تر نرخیان نابێت، کەواتە هێما بریتییە لەو نیشانەیەی کە مرۆڤ بۆ لەیەکتر گەیشتن یان وەک چەکێکی بیرکردنەوە بەکاری دێنێت. هێماکان دەبن بە سەرچاوەی بیرکردنەوە و لەیەکترگەیشتنی نێوان مرۆڤەکان، چونکە بیرۆکەکان لە دنیای دەرەوەدا لەرێگەی کردەی بەکۆدکردندا دەبن هێما.

واتاسازی ئاوات ئەحمەد

## جۆرەکانی هێما:

لەزۆر رووەوە دەکرێت دابەش کردن بۆ هێما بکرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمانە لە رووی زمانی و نازمانییەوە هێماکان دابەش بکەین بە پێی بۆچوونی زۆربەی زمانناسەکان هێما لەم رووەوە دوو جۆرە (هێمای زمانی، هێمای نازمانی)

## هێمای زمانیی

تەواوی یەکەکانی زمان دەگرێتەوە کە، سەر بە ئاستە جیاوازەکانی زمانن و خاوەنی فۆرم و واتان وەک (پیت، وشە.....تد). پیت دەبێتە هێما بۆ دەنگ بەم پێیەش بێ پیت نوێنەرایەتی چەمکێک دەکات کە خۆی نییە، بەڵکۆ تەنیا بۆتە فۆرمێک بۆی. یان هێمای زمانی بریتییە لە یەکەیەکی زمانی کە زۆربەی جار وشەیە، ئەو هێمایە گوزارشت بە شتێکی هەسپێکراو یان بیرێکی نابەرجەستە دەکات. لەرووی پێکهاتەوە یەکەکانی زمان هەموویان وەکو یەکتر نین، بۆیە سنوور داناندرێت بۆ درێژی هێمای زمانی.... هەروەک دەتوانین رستەیەکی درێژ تەنانەت پارچە ئاخاوتنێکیش هەموو بە تاکە هێمایەک دابنێین. بەم پێیەش بێ هێما زمانییەکان هەموو هێما نووسراو و درکاوەکان دەگرێتەوە کە بریتیین لەو فۆرمانەی هەڵگری واتان و بەکارهێنانیان هەیە. واتە هێمای زمانی ئەو هێمایانە دەگرێتەوە لە رێگەی پیت و فۆنیمەوە دەردەبڕدرێن و گوزارشتیان لێدەکرێت.

## هێمای نازمانیی:

هەموو جۆرە هێمایەک دەگرێتەوە جگە لە هێما زمانییەکان، واتە دەکرێت هێمای نازمانی بریتی بێت لە جووڵەیەکی جەستەیی کە دەچێتە خانەی زمانی جەستەییەوە یان دەکرێت بریتی بێت لە هێمایەک یان وێنەیەک .....تد زمانی بەکارهاتووی یارییە وەرزشییەکان و هێماکانی فڕۆکەوانی و ئاگرکوژێنەوە و پۆلیسی هاتوچۆش دەگرێتەوە. ئەم جۆە هێمایانە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ناگۆڕێت شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی ئەم جۆرە هێمایانە لای هەموو کەسی یەک کۆمەڵگا وەک یەکە پێویستی

واتاسازی م.ئاوات ئەحمەد

بە زانیاری سروشتی هەیە نەک فێربوون. هێما نازمانییەکان لە مەودایەکی فراوان بەکار دێت، ئەمەش وای کردووە هێما نازمانییەکان بەچەند شێوەیەک دەربکەون.

## أ. نیشانە:

یەکێکە لە جۆرەکانی هێمای نازمانی، پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا لەم جۆرەدا پەیوەندییەکی لێکچوونە وەکو ئەو پەیوەندییەی لە نێوان دووکەڵ و ئاگر دایەیان هەور و باران.... چونکە دووکەڵ نیشانە بۆ ئاگر و هاتنی هەور نیشانەیە بۆ باران بارین. سروشتی ئەو جۆرە هێمایە و کارەکانی دەوەستێتە سەر لایەنی کۆمەلایەتی، واتە پەیوەندی بە بیروڕای کۆمەڵگەوە هەیە، هەندێککیان پەیوەستی زۆریان هەیە و هەندێککی تریان پەیوەستی کەمتریان هەیە بۆ نموونە ئەو هێمایانەی لە بواری بیرکاریدا بەکاردێن وەک (×، ÷، ....تد) پێویستی تەواویان بە پەسندکردن هەیە لەلایەن کۆمەڵەوە، بە پێچەوانەوە نیشانەکانی سەر ڕێگە تێکەڵن، هەندێککیان پێویستیان بە کۆمەڵ هەیە و هەندێککی تریان بڕیاریان ناوێت چونکە وێنەن.

## ب . وێنە:

وێنە بە هێما هەژمار دەکرێت، چونکە نوێنەرایەتی شتێک دەکات کە خۆی نییە. لەم جۆرە هێمایەدا جۆرە لێکچوونێک هەیە لە نێوان فۆرم و واتادا وەک وێنەی بەدەست کێشراوی سەروچاوی کەسێک. هەریەکە لە وێنە و تابلۆ و نەخشە و کاریکاتێریش دەچنە خانەی ئەم جۆرە هێمایەوە.

## ج . ئاماژە:

مرۆڤ کاتێ ئاخاوتن بە ئەنجام دەگەیێنێت، ئەوە هەر بەتەنیا زمانی قسەکردن بەکارنابات، بەڵکو کۆمەڵێک جووڵەی جەستەیش ئەنجام دەدات، بەم پێیەش هێما ئاماژەییەکان سەرجەم ئەو جووڵە و بزاوتنانەش دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی دەست و چاو و ......تد ئەنجام دەدرێت یان بەتەنیا ئەنجام دەدرێت ئەم بزاوتنانەش دەچنە

خانەی پەرەزمانی ئەم ئاماژانە رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە دیاری کردنی واتای پراگماتیکی.

## چەمک و تەن و واتا:

هەر لەسەردەمی ئەفلاتوون فۆرمی ئەو کاتە واتادار دەبوو ئەگەر تەنێکی بەرامبەر بوایە ، کەواتە لێرە پەیوەندیەکە دوو قۆڵییە، بۆنموونە وشەی (دێو پەری فریشتە ...تد) بێ واتان لەم بۆچوونەدا، بەڵام ئەم بیرۆکەیە کۆن بوو تەنیا سەرەتایەک بوو بۆ واتای وشە لەلایەکی تر ئەم بۆچوونە پەیوەندی بە فیزیک هەبوو ، بەڵام سۆسێر هات ئەم پەیوەندیەی گۆڕی بۆ سێ قۆڵی (مێشک)ـی زیاد کرد بۆ بۆچوونەکە پەیوەندیەکەی کردە سێ قۆڵی وتی ئەو شتانەی کە فۆرمیشیان لە بەرامبەر نەبێ واتادارن چونکە وێنەیەکی هۆشەکی لە مێشک دایە هەست بە بوونی دەکرێ ، دواتر (ئۆگدن و ریچاردس بیرۆکەکەیان زیاتر پەرە پێدا و سێ گۆشەی واتایان هێنایە کایەوە.

**چەمک**: وێنەی هۆشەکی شتێکە لە مێشک هێشتا دەر نەبڕاوە.

**تەن**: ئەو شتەیە کە لە واقع دا هەیە وێنە هۆشەکیەکەی نێو مێشک دەنوێنێت.

**واتا**: واتای شتەکە دەنوێنێت لە رێگەی زنجیرە دەنگێکەوە دەردەبڕێت.



## بۆچوونەکانی لێکدانەوەی واتا:

گەلێک بۆچوون هەیە لە بارەی واتا، هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە گەلێک پێناسە و بیروڕا هەبێت، لە بارەی واتا. بۆیە پێناسەیەکی سنووردار نییە بۆ واتا. بە کورتی بۆچوونەکانی لێکدانەوەی واتا ئەمانەی لای خوارەوەن:

### ١- بۆچوونی ناولێنان:

سەرەتا ئەم بۆچوونە، بۆ بیروڕاکانی (ئەفلاتوون) دەگەڕێتەوە کە (واتا) وەک (ئاماژە) لێک دەدایەوە. بە پێی ئەم بۆچوونەبێت وشەی هەر زمانێک (هێما)یە بەرامبەر (ڕووداو، شت....تد) لە جیهانی دەرەوە دا. لەم بۆچوونە پەیوەندیەکی دوو قۆڵی لە نێوان (ناو+ ناولێندراو) هەیە. کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونە بێت، هەر شتێک تەنی بەرامبەر بێت واتادارە، لە چەرخی نوێدا سۆسێر بۆ ئەم بۆچوونە گەڕاوە، هەروەها، (ئۆگدن و ریچاردس) سێ گۆشەیەکی واتاییان هێنایە کایەوە، بەرگێکی زانستییان بەبەر بیرۆکەکانی سۆسێردا کرد، (ئۆگدن و لە ساڵی ١٩٢٣ لە کتێبی (واتای واتا – The meaning of meaning)بیرۆکەی سێ گۆشەی واتاییان هێنا کایەوە کە، ئەویش پەیوەستە بە (بیر، تەن، هێما) بە پێی ئەم بۆچوونە وشە کاتێک واتادار دەبێت کە، (بیر، چەمک، وێنە) دروست بکات. واتای وشە لە شێگۆشەکەدا بەم شێوەیە دەبێت:




واتاسازی م.ئاوات ئەحمەد

ئەفلاتـــوون واتـــا وەک دوو لایەن بـــاس دەکـــات، ئەوانـــیش (فـــۆرم + واتا)ـــن، پەیوەنـدی لە نێـوان نـاو و ناولێنـدراو هەیە، بە پێـی ئەم بۆچوونەبێـت فـۆرم کاتێـک واتـادار دەبێـت، کە (تەن)ـێکی بەرامـبەر بێـت. هەر لەم بـاریەوە (ف.دی سۆسـیر) دەڵێـت: هێمـا دوو ڕووی هەیە، وەک دراوێـک وایە هیچیـان بە بێ ئەوی تریان نرخیان نییە.




کەم و کـــوڕی ئەم بۆچـــوونە لەوە دەردەکەوێـــت، تەنیـــا ئەو فۆڕمـــانە بە واتـادار دادەنێـت کە، تەنیـان بەرامـبەرە بە پێـی ئەم بۆچـوونە بـێ وشـەکانی وەک (دێـو، پەری،...تـد) بە واتـادار نازانێـت، سـەرەڕای ئەمەش (ناوەواتاییەکـان) تەنیـان بەرامــبەر نیــیە ، تەنیــا هەســتیان پێــدەکەین، کەوابێــت ئەوانــیش بــێ واتــان لەم بۆچوونەدا.

## ٢- بۆچوونی هۆشەکیی:

بیـــرۆکەی ئەم بۆچـــوونە دەگەرێـــتەوە بـــۆ فەیلەســـوفی ئینگلیـــزی (جـــۆن لـۆک)، نـاوبراو لەم بـارەیەوە دەڵێـت (دەبێـت بەکارهێنـانی وشـەکان ئامـاژەیەکی راسـتەوخۆی بیـر بێـت) بەپێـی ئەم بۆچـوونە وشـە کاتێـک واتـادار دەبێـت، کە بیرێـک یـان چەمکێـک دروسـتبکات، بەمەش (واتـا) دەبێـت بەو کـۆمەڵە وێـنە هۆشـــەکییەی کە، پەیوەنـــدییان بە یەکەوە هەیە و بە وشـــە یـــان گـــوتن دەنوێنـدرێن. کەواتە ئەم بۆچـوونە واتـا وەک چەمـک یـان وێـنە یـان بۆچـوون لێکـدەداتەوە، وەک دەزانـین چەمـک ناپیورێـت، لەکەسـێکەوە بـۆ یەکێکـی تـر دەگۆڕدرێـت، بەمەش واتـا لەگەڵ وشـەدا هاوسـەنگ ناوەسـتێت، لەم بـارەیەوە زمانناسـێک دەڵێـت کاتێـک لەسـەر بەرمیلەکـانی سـووتەمەنی نووسـرابوو بەتـاڵ، بـووە هـۆی کوشـتنی چەنـد کرێکارێـک، چـونکە وشـەکان نەیـان تـوانی گوزارشـتی

واتاسازی م.ئاوات ئەحمەد

تەواو لە واتـای بەتـاڵبوون بـکەن، لەوێـدا بەتـاڵبوون، تەنهـا مەبەسـتی بەتـاڵە لە شلەمەنی وەک (نەوت، بەنزین...تد) بەڵام بەتاڵ نییە لە گازی ئەو شلەمەنییانە.

هەرچەنـدە ئەم بۆچـوونە چارەسـەری هەنـدێک کێشـەی کـرد وەک ئەوەی کە، ئەو وشـانەی واتـادارکرد کە پێشـتر بۆچـوونی ناولێنـان بە بـێ واتـای دانـابوون. وەک (برایەتـی، جـوان، فریشـتە، پەری، دێو...تـد). کەموکـوڕی ئەم بۆچـوونە لەوە دایە لە بـازنەیەکی بەتـاڵ دەسـوڕێتەوە، چـونکە واتـای بە شـتێکی نابەرجەستەی لێکدایەوە.

## ٣- بۆچوونی رەوشتی:

بیـرۆکەی ئەم بۆچـوونە سـەرەتا لە زانسـتی دەروونناسـی (سـایکۆلۆژی) سـەری هەڵـداوە. دواتـر هێنـدرایە نێو بـواری زمانناسـیەوە لە رێـگەی زمانناسـانی وەک (سـاپێر، بلـوم فیلْد،....تـد) ئەم بۆچـوونە کـار لەسـەر دوو چەمـک دەکـات، ( هۆشـیارکردنەوە، کـاردانەوە) واتە (کـار+کـاردانەوە) لەم بـارەیەوە (بلـوم فیلْـد) دەلێـت (لە هەلوێسـتێک قسـەکەر قسـە دەکـات، قسـە بـۆکراویش کـاردانەی قسـەکەی دەکـات) باشـترین نمـوونەش بـۆ ئەم مەبەسـتە نمـوونەکەی (جـاک و جیل)ــە. بەپێـی ئەم بۆچوونەبێـت وشـە کاتێـک واتـادار دەبێـت کە، کـاردانەوەی هەبێـت، ئەم بۆچـوونە تـا کۆتـای شەسـتەکان بـاڵی بەسـەر هەمـوو بیرەکـانی تـر کێشـابوو، بەڵام (چومسـکی) ئەو بۆچـوونەی رەتکـردەوە، گـوتی ئەگەر بە پێـی کاروکـاردانەوە بـێ ئەوە منـداڵ زوو فێـری قسـەکردن نابێـت. ئەگەر فێربـوون بەلاسایی کردنەوە با ئەوە وشەکانی زمان سنووردار دەبوون.

ئەوەی جێـی سـەرنجە و رەخـنەیە، پێویسـتە لە هەمـوو دیـاردەیەک کەسـێک کـردەیەک یـا جـوڵەیەک یا....تـد کەسـێکی تـریش وەڵامـی بـداتەوە کە، ئەمەش کـارێکی ئەسـتەمە. لەلایەکـی تـریش هەمـوو دیاردەکـانی دەوروبەر لەبـواری جیاجیـای ژیـانی مـرۆڤ بە رەوشـت بنوێنـدرێت، ئەمەش کـارێکە دوورە لە راستی.

## ٤- بۆچوونی بەکاهێنان:

ئەم بۆچوونە لەلای (فیرس) سەری هەڵدا، فیرس لەژێر کاریگەری (مالینۆفسکی) ئەم تیۆرەی دانا، گەلێک زمانناسی تریش وەک (هالیدای، لاینز ،...تد) بڕوایان بەم تیۆرە هەبوو، پشتگیریان دەکرد. لەم بارەیەوە زمانناسان قسەی خۆیان کردوە بۆنموونە (ونگنشتین) دەلێت (بەدوای واتای وشە مەگەڕێ بەڵکو بەدوای بەکارهێنانەکانی دا بگەڕێ) (ئۆلمان) دەلێت (پێش ئەوەی واتای وشەیەک لێک بدەیتەوە، سەرەتا لە ئاخاوتن بەکاری بێنە، ئینجا واتاکەی لێک بدەرەوە.)

ئەم بۆچوونە واتا وەک بەکار هێنان لێک دەداتەوە، واتە هەر وشەیەک بەکارهێنانی هەبوو واتادارە و واتای هەیە ، واتە ( واتای وشە ) لە دەوروبەر دیاری دەکرێت.

دەوروبەریش بەم شێوەیە پۆلین دەکرێت:

١- دەوروبەری زمانیی

٢- دەوروبەری دروونیی

٣- دەوروبەری بار (هەڵوێست)

٤- دەوروبەری رۆشنبیریی

## ١- دەوروبەری زمانیی:

باری قسەکردن لە دەوروبەری زمانیی پەیوەندی بە واتای وشەوە هەیە بۆنموونە ئەگەر وشەی (باش) وەربگرین دەبینین چەند واتایەکی هەیە:

| | |
|---|---|
| مامۆستای باش | لێهاتوو و بەتوانا. |
| قوتابی باش | زیرەک و چالاک. |
| پارەی باش | زۆر کەلەک بوو |
| منداڵی باش | ئاقڵ و گوێڕایەڵ |
| پیاوی باش | بێ کێشەیە |

واتاسازی م ئاوات ئەحمەد

## ٢- دەوروبەری دەروونی:

ئەم دەوروبەرە، لایەنی دەروونی (نفسی) کار لە دەربڕینی وشەکان دەکات، بۆیە ئاخێوەر هەوڵ دەدات کە، ئەو وشانە بەکاربێنێت کە دەروونی کەسی بەرامبەری بریندار نەکات.

بۆ نموونە هەریەک لەو وشانەی خوارەوە کاریگەری دەروونی خۆیان دەبێت لە کاتی بەکارهێنان:

(تووڕەبوون) (رق لێ بوونەوە)

(کوێر) (نابینا)

(باشووری کوردستان) (باکوری عێراق) = هەرێمی کوردستانی فیدراڵ.

## ٣- دەوروبەری بار:

بەبڕوای (لاینز- Lyons) ئەوبارەیە کە وشەی تێدا دەربڕاوە، واتە ئەو بارودۆخەی کە وشەکانی تێدا دەردەبڕی بڕیار دەدات چ وشەیەک گونجاوە چ وشەیەکیش گونجاو نییە.

بۆنموونە سەیری هەریەک لەم وشە و دەستەواژانەی خوارەوە بکە:

- لەکاتی پرسەگێڕان بلێی (پیرۆزە) یا (پیرۆزتان بێ!!!)
- لەکاتی ئاهەنگ گێڕان بلێی (خوا لێی خۆشبێ) یا (سەرەخۆشیتان لێ دەکەم)
- بەکەسێ بلێی (زۆر سوپاس) بێ ئەوەی هیچ کارێکی بۆ کردبێ.

## ٤- دەوروبەری کلتووریی :

لاینز- Lyons دەڵێت (ئەو کلتوورەیە کە، وشەی تێدا دەردەبڕین) واتا ئەو شوێنەی کە وشەی تێدا دەردەبڕین کاریگەری زۆری هەیە لەسەر واتای وشەکە.

واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

بۆنموونە ئەگەر وشەی (چاندن) وەربگرین لەبنەڕەتدا چاوگێکە واتا ڕووتەکەی- Abstract زیاتر بۆ لایەنی کشتوکاڵ بەکاردێ، بەڵام کلتووری دەربڕین وای کردوە واتای جیاجیا بداتە دەست بەم شێوەی خوارەوە:

- چاندن بواری کشتوکاڵ (دانەوێڵە)
- چاندن بواری پزیشکی (پرچ، گورچیلە، ...تد)
- چاندن بواری سەربازی (مین= الغام)
- چاندن بواری تر (خەم، ئازار، ...تد)

## ٥ – بۆچوونی شیکردنەوە:

کاتز و فودەر گرنگییان بە هەڵوەشاندنەوەی وشە دا، سیما گرنگەکانیان دەستنیشان کرد، ئەمەش بۆ جیاوازکردنەوەی وشەکان. ناوبراوان بەم شێوەیە وشەیان شی دەکردەوە:

أ – شیکردنەوەی وشەی (لێل) واتە (وشەی هاوبێژ و فرەواتا)

ب – وشەکانیان بە پێی کێڵگە واتاییەکان شیدەکردەوە.

ج – تاکە وشەکانیان جیا دەکردەوە، لە ڕێگەی پەیوەندی واتای.

کەموکوڕی ئەم بۆچوونە لەوە دایە نەیتوانی (هەموو وشەیەک شی بکاتەوە، بەتایبەتی وشەی فرەواتا و هاوبێژ) و نەشیتوانی مۆرفیمە بەندەکان شیبکاتەوە.

## ٦ – بۆچوونی ڕاستی

ئەم بۆچوونە، لەلایەن هەندێک لە فەیلەسوف و لۆژیکناس و زمانناسی وەک (شیلیک ، کارناب ، جول ئایرو ،...تد) دانراوە، لەم بۆچوونە واتا بریتییە لە ڕێگەکانی جێ بەجێکردنی سەلماندنی ڕاستی باسەکە لە جیهانی واقع دا، شیلیک- Chilikئەمەی ناو ناوە (تاقی کردنەو) چەند بنەمایەکیشی بۆ داناوە:

أ – ئاماژە و ئاماژەپێکراو

ب – هاونشینی و هاوواتایی

واتاسازی م ئاوات ئەحمەد

ج – بەکارهێنان لە دەوروبەری زمانی

ئەم بۆچوونە بە دوای واتای راستی سنووردارادا دەگەڕێت کە، هەرگیز نایگاتێ. بەپێی ئەم بۆچوونە هەر وشەیەک بەکارهاتوو و لە واقع سەلمێندرا، وشەکە واتادارە.

## پەیوەندییە واتاییەکان:

بریتییە لە پەیوەندی وشە بە وشەکانی پێش و پاشی خۆی کە، وشەکان بەیەکتر دەبەستێتەوە لەسنووری دانەی گەورەتر لە وشە وەک (فرێز، رستە، دەق ،...تد) بۆیە سۆسێر دەڵێت زمان پەیڕەوێکی پەیوەندیە کە، وشەکان بەیەکە دەبەستێتەوە، بۆیە نرخی هەر وشەیەک لەو شوێنەیە کە، تێدا بەرکاردێت. (پالمەر) بڕوای وایە کە، پەیوەندییە واتایەکان لەفەلسەفەوە نزیکترە وەک لە زمانەوانی، بەڵام تا ئێستاش زمانەوان خۆیان دەپارێزن لە توشبوونی قەیرانی لێکدانەوەی فەلسەفی واتا و جیاوازی نێوان پەیوەندییە واتایەکاندا، بۆیە زمانەوان لە نێو بواری زمانەوانی لە پەیوەندییە واتایەکان دەکۆڵنەوە. (پالمەر) بەم شێوەیە پێناسەی پەیوەندییە واتایەکان دەکات (بریتییە لە یاسایەکی ئاڵۆز کە، پەیوەندی نێوان دانەکانی زمان و بەتایبەتیش وشە پێکدەهێنن.) هەندێک زمانەوان باس لە گرنگی پەیوەندییە واتایەکان دەکەن پێیان وایە بابەتی سەرەکییە لە واتاسازی بەتایبەتی پەیوەندی ئاسۆیی و ستوونی. پەیوەندییە واتایەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە روونکردنەوەی واتای وشە، واتای مۆرفیم و وشە ئەرکییەکانی وەک (بە، بۆ، لە...تد) دەستنیشان دەکات لە رێگەی بەکارهێنانیان لە رستە بەهۆی ئەرکەوە.

## پەیوەندی ستوونیی Paradigmatic :

یەکێکە لە دوانەکانی سۆسێرە، بریتییە لە پەیوەندییەکی وشەسازی نێوان وشەکان، یا بریتییە لە پەیوەندی وشەیەک لەگەڵ وشەکانی تری هەمان رستە، سۆسێر ئەو وشانەی لە پەیوەندیەکی ستوونییدان بە سیستەم



واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

ناودەبات، بۆیە پەیوەندی پارادیگماتیکی خودی رەهەندی ستوونی زمان دەگەیێنیت کە، دەکرێت لە (جێناو، ئاوەڵناو، کار، ...تد) دەربکەوێت.

نموونە:

ئەو کچێکی جوانە.

ئەو کیژێکی قەشەنگە.

ئەو کەنیشکێکی رەندە.

ئەو رستانەی سەرەوە لە پەیوەندیەکی ستوونییدان بە جۆرێک کە، دەتواندرێ (کیژ، کەنیشک، کچ) لە شوێنی یەکتر بەکار بێن لە هەمان ژینگە (جوان، قەشەنگ، رەند)یش لە شوێنی یەکتر بەکار بێن بەم شێوەیەش دەکرێت ئەو وشانەی لە شوێنی یەکتر بەکار بێن بە (هاوواتا) ناو ببەین. لەم پەیرەوەدا هەندێک پەیوەندی تری وەک (دژواتا، گرتنەوە، بەش لەگشت،...تد) بەرچاو دەکەوێت کە لە خوارەوە باسیان دەکەین:

## ١ – هاوواتا Synonyms :

زاراوەی هاوواتا لە زمانی کوردیدا بەرامبەر زاراوەی (مرادف)ی عەرەبی و (مترادف)ی فارسی و (Synonymy)ی ئینگلیزی دەوەستێت، جگە لە هاوواتا هەریەکە لە زاراوەکانی (هاومەعنا، هەمان مەعنا، ...تد) بەکاردێت، بەڵام زاراوەی هاوواتا زیاتر بەکارهاتووە.

چەمک و پێناسەی هاوواتا مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، واتە نووسەرانی بوارەکە تا ئێستا لەسەر پێناسەیەکی تەواو و کۆنکریتی ئەم دیاردە واتاییە رێک نەکەوتوون، لە لایەکی تریشەوە نووسەران لەسەر ئەوە رێک نەکەوتوون کە، هاوواتا لە زماندا هەیە یاخود نا؟ ئێمە لێرەدا هەندێک پێناسەی هاوواتا دەخەینەروو:

د. ئەورەحمانی حاجی مارف دەڵێت بەو وشانە دەڵێت کە یەک مانا دەبەخشن، یاخود ماناکانیان نزیکن، بەڵام لە خوێندنەوە نووسیندا جیاوازن.

ئەوەی لەو پێناسەیە دەست دەکەوێت، نووسەر ئەو وشانە بە هاوواتا دادەنێت کە، لە واتادا وەک یەکن یان لە واتادا لەیەکتری نزیکن، هەروەها فۆرمی وشەکانیش روون دەکاتەوە و پێی وایە دەبێت هاوواتا دوو فۆرمی جیاوازی یەک وشە بێت.

د. محمد معروف فتاح هاوواتا بەم جۆرە پێناسە دەکات دوو وشە یان زیاتر کە، یەک واتا ببەخشن. بەم جۆرەش (دەربەدەر و لانەواز و ئاوارە) هاوواتان. هەروەها نووسەر هەر لە پێناسەی هاوواتادا دەنووسێت دوو وشە یان زیاتر نەک هەر واتایان وەک بێت، بەڵکو لە بری یەکتریش بێن لە وتندا، بەم پێیە جوان و قەشەنگ هاوواتان چونکە لە بری یەکتری دێن، هەندێک جار بەو جۆرەی دووەم دەڵێن هاوواتای تەواو یان راست. ئەوەی لە پێناسەکەی دووەم روون دەبێتەوە نووسەر رای وایەکە، دەکرێت لە بری دوو وشە سێ وشە یان زیاتریش ببن بە هاوواتای یەکتری، باس لە جۆرێکی هاوواتاش دەکات کە، لەبری یەکتری بەکاربێن و بە هاوواتای تەواو ناویان دەبات، بەڵام هاوواتای تەواو زۆر دەگمەن دەست دەکەوێت، بەو واتایەکی وشەیەک هەبێ لە هەمان دەوروبەردا بەکار بێ بە هەمان واتای وشەی پێشوو بێ زیاد و کەم.

د. عبدالواحید مشیر لەبارەی پێناسەی هاوواتاوە نووسیویەتی دوو وشە یان زیاتر کە یەک واتا ببەخشن و لەبری یەکتریش بەکار بێن. ئەوەی لەم پێناسەیە دەردەکەوێت نووسەر بە سوود وەرگرتن لە پێناسەی دووەم پێناسەکەی دارشتووە. واتە روونکردنەوەمان هەمان روون کردنەوەی پێناسەی پێشوو دەبێت بۆی.

د. محمد مەحوی هاوواتای بەم شێوەیە پێناسە کردووە هاوواتا دوو وشەی هاوواتان، ئەگەر هەمان نیشانەی سیمانتیکیان هەبێ، هاوواتاکان بە ئاوەڵفرێزی فەرهەنگی دادەنرێن. ئەوەی لەم پێناسەیە دەخوێندرێتەوە

نووسەر نیشانە و سیما جیاکەرەوەکانی کردۆتە بنەما بۆ دەستنیشان کردنی هاوواتا، لەلایەکی تریشەوە هاوواتا بە ئاوەڵفریزی فەرهەنگی ناو دەبات، ئەوەش بەو واتایە دێت کە، وشەیەک بۆ روون کردنەی واتاکەی سوود لەچەند وشەیەک وەردەگرێت، بەمەش ئاوەڵفریزی فەرهەنگی دروست دەبێت.

بە سوود وەرگرتن لە پێناسەکان سەرەوە و بە بۆچوونی ئێمە هاوواتا بریتییە لە دوو وشە یان زیاتر کە، واتاکانیان زۆر لە یەکتری نزیکە، ئەویش بە هۆی (شێوەزار و باری دەروونی و هەندێک هۆکاری تر دروست بووە.

## جۆرەکانی هاوواتا

بە شێوەیەکی گشتی چەندین جۆری هاوواتا لە زماندا دەستنیشان کراوە لەلایەن نووسەرانەوە، بەڵام لێرەدا ناکرێت ئاماژە بە هەموو جۆرەکانی بکەین و لێرە دا باسی هەندێککیان دەکەین:

### هاوواتای تەواو:

ئەو وشانە کە،بە تەواوی شوێنی یەکتری دەگرنەوە و لە زمانیشدا هەمان ئەرک جێبەجێ دەکەن، بەم پێیەش بۆ ئەم جۆرەی هاوواتا بریتی دەبێت لە پەیوەندی نێوان دوو وشە کە بتوانن جێگەی یەکتری بگرنەوە بەبێ ئەوەی واتای سەرەکی لاوەکییان بگۆڕێ. هەندێک لە زمانناسان رایان وایە ئەگەر هاوواتای تەواو هەشبێ ئەوە دەگمەنە لاوازی زمان دەردەخات، ئەگەر زمانێک لاوازبێ ئەوە هاوواتای زۆری تێدایە، مەبەست لە لاوازیش ئەوەیە کاتێک کەسێک دەیەوێت زمانی دووەم فێربێت لەبەر بوونی هاوواتای زۆر بەگرانی فێری زمانەکە دەبێت.

### هاوواتای ناتەواو:

ئەو وشانە دەگرێتەوە کە، واتاکانیان تا رادەیەکی زۆر لەیەکتر نزیکە. ئەوەش بە هۆی بوونی چەند زار و شێوەزارێکی هەمان زمانەوە دەبێت،

واتاسازی: ئاوات ئەحمەد

هەندێک جاریش باری دەروونی قسەکەر کاریگەری دەکاتە سەری، ئەمە سەرەڕای باری رۆشنبیری و خواستی کەسەکان بۆ بەکارهێنانی وشەکان، کەواتە هاوواتای ناتەواو بریتییە لەو وشانەی واتاکانیان لەیەکتری نزیکن، لەهەندێک کات شوێنی یەکتری دەگرنەوە بەکارهێنانی فۆڕمێک بەبەردەوام لەلایەن ئاخێوەرانەوە لە بارێکی تردا واتای نوێ بە فۆڕمەکە دەبەخشێت، ئەو واتایەش دەبێتە واتایەکی بارکراو و یاریدەی دروستبوونی هاوواتا دەدات. نموونە بۆ ئەم جۆرەی هاوواتا بریتییە لە (کچ، کیژ، کەنیشک) ئەمەش بە هۆی بوونی زاری جیاوازەوە دروست بووە.

## هاوواتای شاراوە:

ئەو وشانە دەگرێتەوە کە، لە بری یەکتری بەکار دێن بۆ شاردنەوەی واتاکەی تر ئەوەش بۆ ئەوەی کاریگەری دەروونی دروست نەبێ لەکاتی بەکارهێناندا لەسەر کەسی بەرامبەر و بریندداری نەکات. بۆ نموونە بەکارهێنانی (نابینا) یان (خاوەن پێداویستی تایبەت) لە بری (کوێر) چونکە وشەکەی دوایی واتاکەی کەمێک رەقە و کەسی بەرامبەر بریندار دەکات. ئەمەش ئاستی رۆشنبیری کەسەکە دەردەخات لە بەکارهێنان و هەڵبژاردنی وشەکان.

## هاوواتای شیکردنەوە:

ئەو وشانە دەگرێتەوە کە، بۆ روون کردنەوەی وشەیەکی تر بەکاردەهێندرێن کە هەمان واتایان هەیە لە بەکارهێناندا، لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات، هاوواتای وشە هەیە؟ دەبێت لە وەڵام دا بڵێین یاریزان و یاریکەر هەمان فۆڕمن؟ ئەمەش شێوەیەکی دەگمەنە ئەم جۆرەی هاوواتا لە ئەنجامی تێگەیشتنی کەسی بەرامبەر روودەدات، یان کەسەکە لە زماندا



واتاسازی/م. ئاوات ئەحمەد

شــــارەزایە و نایهەویـّـت بەو شــیوەیە قســـه بکــات، ئەوەش بــۆ ئەوەی هەســـتی کەسی بەرامبەر بریندار نەکات.

## هاوواتای دەوروبەریی (کۆنتێکستیی):

ئەو جـــــۆرەی هاوواتــــایە کە، لە رســــــتەدا بەدەردەکەوێـــــت. واتە ئەم هاوواتـاییە لە بـری بەکارهێنـانی وشــه خـۆی لە بەکارهێنـانی رســتەدا دەبینێـتەوە. ئەوەش بە جۆرێـــک دەبێــت دوو رســـته بە دوو فــۆرمی جیــا هەمـــان واتــا دەبەخشـــن، بە واتــایەکی تــر رســـتەکان لە ئاســتی ژێــرەوە هەمــان شــتن و لە ئاســتی ســـەرەوە و لە فۆرمــدا جیــاوازن. بــۆ نمــوونە ئەم رســتانەی خــوارەوە هاوواتان:

نەسرین کچی خاڵی شیرینە.

شیرن کچی پووری نەسرینە.

ئەم دوو رســـــتەی ســــەرەوە لەرووی رێزمـــانەوە جیـــاوازن لە رســـتەی یەکەمــدا (نەســـرین) نیهــادە و (شـــیرین) تەواوکــارە، بەڵام لە رســـتەی دووەمــدا ئەمە پــــێچەوانەیە، ئەوە لە ئاســـتی ســــەرەوە رســــتەکە بەم شـــێوەیەیە، بەڵام هەردوو رســـــتەکە لە ئاســـتی ژێـــرەوەدا هەمـــان واتـــا دەبەخشـــن. ئەویــش دەرخستنی پەیوەندییەکی خزمایەتییە لە نێوان (نەسرین و شیرین)دا.

## ٢ -دژواتا Antonymy :

ئەوەش یەکـێکە لە پەیوەنـدیە واتایەکـانی نـاوەوەی زمــان، رۆڵێکـــی زۆری هەیە لە روونکـردنەوەی واتـای وشــه، بەتـایبەتی کاتێـک کەسـێک دەیەوێـت نرخـی وشـــــەیەک بزانێـــت بەراوردی دەکــــات لەگەڵ دژواتـــاکەی بـــۆ مەبەســــتی شــیکردنەوە. دژواتــا لە زمانــدا ئەو وشــانەیە کە، دژێکــی هەبێـت لە بەرامــبەری یەکتــر دەوەســتن و یەکیــان (ســالب) و یەکیـان (موجەب)ــبە دژواتـا لە زمانا چەنـد جۆرێکی هەیە:

## ١ – دژواتای تەواوکەریی:

ئەو فۆرمانە دەگرێتەوە لەرووی سیفەتەوە دژی یەکترن لە هەمان کاتیشدا بە تەواوکاری یەکتریش دادەندرێن، لەم جۆرەی دژ واتا پلە لە نێوانیاندا نییە و تەنها یەک جەمسەری هەیە وەک (نێرXمێ، زیندووXمردوو،...تد).

## ٢ – دژواتای پلەدار:

ئەو فۆرمانە دەگرێتەوە دژایەتی نێوانیان بە جۆرێک لە جۆرەکان هەڵگری پلەیە، واتە ئەم جۆرە پلەدارە، ئەگەر ئەم جۆرە نەفیش بکەین ئەوە بە واتای ئەوە ناهێت دانەکەی ترمان پەسند نەکردووە. وەک (گەورەXبچووک، تاڵXشیرین،...تد).

## ٣ – دژواتای پێچەوانەیی:

ئەو فۆرمانە دەگرێتەوە ئەو کاتەی دژ دەوەستن پێچەوانەش دەبن بە جۆرێک هەردوو فۆرمەکە باسی هەمان شت دەکەن، هەندێکک جاریش بەیەکەوە دێن. وەک (کڕینXفرۆشتن، ژنXمێرد، ....تد).

## ٤ – دژواتای ئاراستەدار:

ئەو فۆرمانە دەگرێتەوە دژ دەوەستن لە ئاراستەدا، وەک (باکوورXباشوور، ڕۆژهەڵاتXڕۆژئاوا،...تد).

## ٥- دژواتای جیاوازی:

ئەمە زیاتر لە ڕستە بەدەردەکەوێت بۆنموونە

هێرۆ کچێکی زیرەکە.

هێرۆ کچێکی تەمبەڵ نییە.

## ٣ -داپۆشین Hyponymy :

پەیوەنــدییەکی گــرنگە لە ئاســتی واتاســازی ، ئەو پەیوەنــدییەیە لە نێــوان دوو یــان چەنــد وشــەیەک بە جــۆرێ یەکیــان ئەوانــی تــر دادەپۆشــێت، بەهــۆی فراوانـــی وشـــەی داپۆشـــەر. کەواتە داپۆشـــین بـــریتییە لە پەیوەنـــدییەی کە، وشـــەیەکی تـــایبەت بە وشـــەیەکی گشـــی دەبەســـتێتەوە، لەم بـــارەیەوە لاینـــز-Lyons پەیوەنـدی داپۆشـــین بە شـــێوەی هێمـــا روون دەکـــاتەوە بەم شـــێوەیە: ئەگەر (Y) پۆلی ئاژەڵ بێت) و (X) سەگ بێت ئەوا هەموو (Y) (X) دەگرێتەوە، بە لام هەموو (Y)یک (X) ناگرێتەوە چونکە (Y) بابەی گشتییە (X) بابەتی تایبەتییە. دەکرێت لەم نموونەیە زیاتر روونی کەینەوە:

(ســەگێکم بینــی) یەکســانە بە (ئــاژەڵێکم بینــی) بەڵام (ئــاژەڵێکم بینــی) یەکســان نییەبە (سەگێکم) بینی.

## ٤ – بەش لە گشت Part – whole relation :

ئەوپەیوەنــدییە دەکرێــت لە نێــوان ئەنــدامەکانی لەش دا هەبێــت، بــۆ نمــوونە دەســـت بەشـــێکە لە لاشـــە بەگشـــتی ئەم پەیوەنـــدییە جۆرێـــک لە تێکەڵـــی هەیە لەگەڵ داپۆشـــین چـــونکە هەردووکیـــان بەش و گشـــتان هەیە، بەڵام دەســـت جۆرێـک نیـیە لە لەش بەڵکـو بەشـێکە، بەڵام سـەگ جـۆرێکە لە ئـاژەڵ. لە نێـو ئەو پەیوەنـــدییە جیـــاوازیش بەدی دەکرێـــت، بۆنمـــوونە لە رەنگەکـــان هەریەکە لە ( ســور، ســپی ســەوز ....تــد ) بەشــێکن لە رەنــگ بەڵام لە نێــو خۆیــان جیــاوازیش هەڵــدەگرن، یــا لە وەرزەکــانی ســاڵ یــا رۆژەکــانی هەفتە بۆنمــوونە ( یەک شــەممە ، پێــنج شــەممە) ئەگەر ســەرنج بــدەین ( یەک شــەممە ، پێــنج شــەممە ) جیــاوازن بەڵام جۆرێک گونجان و پێکەوە هاتن لێیان بەدی دەکرێت.

## ٢ – پەیوەندی ئاسۆیی Syntagmatic :

ئەو پەیوەنـــدییە پەیوەنـــدییەکی رستەســـازیی نێـــوان وشـــەکانە، واتە رێککەوتـــن و گونجـــان و بەیەکەوەهـــاتنی وشـــەکانی نێـــو رســـتەیە کە، کـــۆتی هەڵبـــژاردن و هەڵاوێرکـــردن رۆڵـــی تێـــدا دەبینێـــت، ئەو پەیوەنـــدییە لە نێـــوان (نـــاو،



واتاسازی م.ئاوات ئەحمەد

ئاوەڵناو) و (کار، ئاوەڵکار) ....تد دەبیندریت. لە رستەدا ( کار ) باڵا دەستە لە دەستنیشان کردنی پەیوەندییەکە، چونکە کار بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی کەرەسەکانی تر دەدات. ئەو پەیوەندییە دروستی واتای رستە دەپارێزێت لەرووی واتای و ڕێزمانییەوە بۆ نموونە کاری (نووسی) بکەر و بەرکارێکی زیندوو و خوێندەواری دەوێت بەم پێیە رستەیەکی پەسندی واتای و ڕێزمانی بەرهەم دێت ( ئەلەند وانەکەی نووسی ) لەنێوخۆی ئەم پەیوەندییە دوو جۆری پەیوەندی (ئاسۆیی ئاسایی، ئاسۆی ناچاریی) دەبیندریت بۆ نموونە:

ئەلەند وانەکەی نووسی.

سەگەکە حەپی.

لەو دوو رستەی سەرەوە یەکەمیان پەیوەندی ئاسۆیی ئاساییە چونکە دەکرێت نووسین تایبەت بێت بە گشت ئەو کەسانەی کە، دەتوانن بنوسن، بەڵام لە رسەی دووەم پەیوەندی ئاسۆیی ناچارییە، چونکە حەپین تەنیا تایبەتە بە سەگ.

## فرەواتا:

یەکێکە لە پەیوەندییە واتاییەکان، ئەم چەمکە زمانییە پێناسەی جیاجیا بۆ کراوە لەلایەن زمانناسانەوە، لێرەدا هەندێک لەو پێناسانە دەخەینەروو:

ف. أر. پالمەر بەم شێوەیە پێناسەی فرەواتای کردووە، بریتییە لە یەک وشە کۆمەڵێک واتای جیاواز بگەیێنێت.

دیڤد کریستەڵ بەم شێوەیە پێناسەی فرەواتای کردووە، بریتییە لە هاتنی دانەیەکی فەرهەنگی بە واتای جیاواز وە یان وشەیەک بە ژمارەیەک واتاوە پێیدەگوترێت فرەواتا.

کەواتە دەکرێت بڵێین فرەواتا بریتییە لە هەمان فۆڕم بە واتای جیاواز، بەڵام دەبێت سەرچاوەی هەموو واتاکان لەیەک بنجەوە هاتبن، بەم شێوەیەک لە فرەواتادا یەکێک لە واتاکان واتای سەرەکییە و واتاکانی تر واتای (لاوەکی-

هامشی)ـیە. واتاکانی فۆرمی فرەواتا لە فەرهەنگدا بە ژمارە دەنووسرێن، نەک بە دەروازەی جیاواز، هۆکاری دروستبوونی فرەواتاش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری بەکارهێنان و خواستن و بوونی زار و شێوەزار و گۆڕانی فۆنەتیکی...تد.

لە زمانی کوردیدا زاراوەی (فرەواتا) بەرامبەر (Polysemy) بەکاردێت، ئەگەر لە زاراوەکەش وردبینەوە ئەوە بۆمان روون دەبێتەوە زاراوە کوردییەکەش بەهەمان رێگەی زاراوەکە بیانییەکە دروستبووە، (Poly) بە واتای (فرە، زۆر) دێت و (Semy) بەواتا (واتا) دێت، بەم شێوەیەش ئەم زاراوەیە بۆ ئەم فۆرمە زمانییانە بەکاردێت، کە زیاتر لە واتایەکییان هەیە.

نموونە بۆ فرەواتا

| ز | وشە | واتای یەکەم | واتای دووەم |
|---|---|---|---|
| ١ | بەردانەوە | بەردانەوەی ئاو | بەردانەوەی شت |
| ٢ | رۆژ | رۆژی ئاسمان | رۆژەکانی هەفتە |
| ٣ | مانگ | مانگی ئاسمان | مانگەکانی ساڵ |

## هاوبێژی:

یەکێکە لە پەیوەندییە واتاییەکان و لە زۆربەی زمانە جیهانییەکاندا بەرچاو دەکەوێت، ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیشدا بوونی هەیە، هاوبێژی چەندین پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە لەلایەن زمانناسانەوە لێرەدا هەندێکک لەو پێناسانە دەخەینەروو:

د. ئەورەحمانی حاجی مارف دەڵێت ئەو وشانەن کە، بە خوێندنەوە و نووسین وەک یەکن، بەڵام مانایان جیاوازە.

د. محمد معروف فتاح دەڵێت هاوبێژی بریتییە لەیەک فۆرمێ دوو واتای جیاواز بگەیێنێت.

واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

د. فتاح مامە بەم شێوەیە پێناسەی هاوبێژی کردووە کۆمەڵێک یان جووتێک دانەی مۆرفۆلۆژی یان سینتاکسین لەرووی سیمانتیک و سینتاکسیی و لە رووی رۆنان ئەرک و رەگەزدا جیاوازن.

ف. أر. پالمەر لای وایە هاوبێژی بریتییە لە چەند واتایەک کە یەک فۆرمیان هەبێت.

جۆن لاینز دەلێت هاوبێژی ئەوەیە یەک فۆرم دوو واتا یان زیاتری هەبێت.

کەواتە دەکرێت بڵێین هاوبێژی بریتییە لە تەنها تاکە فۆرمێک (مۆرفیم، وشە گرێ...تد) کە، یان بە نووسین یان بە گوتن وەک یەکترن بەڵام لەرووی واتاوە لەیەکتری جیاواز.

## جۆرەکانی هاوبێژی:

هاوبێژی چەند جۆرێکی هەیە، هەندێک جۆری لە زمانی کوردیدا بوونی هەیە و هەندێکیتریشی بوونی نییە.

### ١ – هاودەنگ:

ئەو فۆرمانە دەگەرێتەوە لەرووی دەرینەوە لەیەکتری دەچن، بەڵام لەرووی نووسینەوە جیاوازن. نموونەی ئەم جۆرەی هاوبێژی لەزمانی کوردیدا بەرچاو ناکەوێت، چونکە لە زمانی کوردیدا نووسین بە تەواوی لەگەڵ دەربرینەکاندا یەکسان دەوەستێت، بە واتایەکی تر لە زمانی کوردیدا چی دەگوترێت، ئەویش دەنووسرێت. نموونە بۆ ئەم جۆرە بریتییە لە:

| ز | وشە | خوێندنەوەی وشە | واتای وشە |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | Right – Write – Rite | ڕایت | دەنووسێت – ڕاست – بۆنەی ئاینیی |
| ٢ | Light – Lite | لایت | رووناکی (لایت) – سوک |
| ٣ | Fool – Foul | فول | گەوج (گێل) – پڕ (فول) |

### ٢ – هاوپیت:

واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

ئەو فۆڕمانە دەگرێتەوە لە نووسیندا هەمان نووسینیان هەیە، بە هەمان شێوە ناخوێندرێنەوە، بەمەش لەرووی واتاوە واتای جیاواز دەگەیێنن. لەم جۆرەی هاوبێژیدا کەرستە ناکەرتییەکانی وەک (هێز، ئاوازە، وەستان) ڕۆڵ دەگێڕن بۆ جیاکردنەوەی واتاکان، هێز رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە جیاکردنەوەی واتاکان، لە باری ئاساییدا هێز دەچێتە کۆتایی وشەوە بەڵام لەم وشانەدا دەکرێت هێز بخرێتە سەر کۆتایی بڕگەی یەکەم، هەروها وەستان رۆڵی دەبێت....تد.

| ز | وشەی هاوپیت | وشەی یەکەم | وشەی دووەم |
|---|---|---|---|
| ١ | هەمانە | هەیتمان | هەمبانە |
| ٢ | نەمانە | دار و درەخت | فەوتان |
| ٣ | رواندن | چاندن | لادان |
| ٤ | برایەتی | برای ئەو | ناوی واتایی |
| ٥ | خوشکەکەتان | خوشکەی ئێوە | خوشکە کەتان |

## هاوبێژی تەواو:

لەم جۆرەی هاوبێژیدا فۆڕمەکە بە تەواوی لە نووسین و گوتندا یەکسان دەبن، تەنها لەرووی واتاوە لەیەکتری جیاوازن.

| ز | وشەی هاوپیت | وشەی یەکەم | وشەی دووەم |
|---|---|---|---|
| ١ | ئازار | مانگی ئازار | ئێش و ئازار |
| ٢ | ئاش | شوێنی هاڕینی دانەوێڵە | چێشت (خواردن) |
| ٣ | دەم | دەو (زار) | کات |
| ٤ | بیر | بیری ئاو | بیر (فکر) |
| ٥ | تاڵە | تاڵ (هاوەڵناو) | ئاژەڵێکی رەشی دێزە |

## واتای رستە :

گومانی تێدا نییە هەر رستەیەک لەلایەن ئاخێوەرانەوە دەردەبڕێت، واتایەکی هەیە، دەبێت واتاکەشی واتایەکی دروست بێت بە پێی رستە

دەربڕاوەکە. نابێت ئێمە کاتێک گوێبیستی رستەیەک دەبین تەنیا لە رووی ڕێزمانییەوە دروست بێت بڵێین ئەوە رستەیەکی دروستە، کاتێک بە رستە دەوترێت رستە کە پەسندی واتایی و پەسندی ڕێزمانیی بێت، هەروەک لەلای زمانناسان هەندێک بنەمایان بۆ رستە دەستنیشان کردووە ، بۆنموونە لاینز- Lyons کاتێک دان بەرستە دا دەنێت کە، پەسندی واتایی و ڕێزمانیی بێت. دەشڵێت ڕێزمان و واتا ئاوێتەی یەکترن ئەستەمە لێک بترازێن. ئێمە لێرەدا بۆ شیکردنەوەی رستە چەند بۆچوونێک دەخەینە روو:

## ١ – بۆچوونی کاتز و فۆدەر

ئەمانە دوو قوتابی چومسکین، لە کتێبی (پێکهاتەی تیۆری سیمانتکی) لە ساڵی ١٩٦٣ دا تیۆرێکیان بۆ رستە دانا کە، بەتەواوکەری ڕێزمانەکەی چومسکی دادەندرێت.

١- جیاکردنەوەی پەیوەندی نێوان رستە وەک (دژواتا، هاوواتا،...تد) و (رستەی تەمومژاوی و لێڵ)

٢ – لێکدانەوەی واتای رستە.

بنەماکانی ئەم تیۆرە:

١- ئاستی ژێرەوە : پێکهاتەی سینتاکسی هەر رستەیەک لە دوو ئاست پێک دێت ئاستی سەرەوە خوێندنەوەی فۆنەتیکی رستەیە، ئاستی ژێرەوە خوێندنەوەی رستەیە لە رووی واتاییەوە، بە واتایەکیتر دەچێتە بنجی رستە تا بزانێت رستەکە چەند واتای هەیە. کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر رستە ئەگەر دوو رستە خاوەنی یەک ئاستی ژێرەوە بوون ئەوا هاوواتان، ئەگەریش جیاواز بوون ئەوا رستەیەکی لێڵ بەرهەم دێت.

ئازاد کوڕی نەوزادە.

نەوزاد باوکی ئازادە



ئاوات ئەحمەد

٢ – واتای فەرهەنگی وشە: هەر وشەیەک لە فەرهەنگ واتایەکی هەیە بەو واتایەش وشەکە لە رستە دەناسینەوە لەگەڵ کاریگەرییە ریزمانییەکەی.
لەسەر دووبنەما دەبێت ( زانیاری واتا، زانیاری رێزمانی)

ئەو گلاسێک ئاوی خواردەوە.

ئەو بەرداغێک ئاوی خواردەوە.

فەرهەنگی وشە شوێنێکی زۆر گرنگی هەیە، لەبەر ئەمە رێزمان بێ فەرهەنگ ناتوانێت بێ فەرهەنگ واتای وشە دیاری بکات.

مەیمونەکە مۆزەکەی خوارد.

ئەو مۆزەکەی خوارد.

٣ – خوێندنەوەی رستە: ئەمەش خوێندنەوەی رستە دەگرێتەوە بۆ لێکدانەوەی واتاکەی. باس لە هەڵبژاردن و چۆنییەتی ریزبوونی وشەکان دەکەین لە سنووری رستە.

ئازادەکە — ناو / ئاوەڵناو

شیرەکەی — شیر / شمشێر

ئامادەکرد — کوڵان / تیژکردن

## واتای رستە لە روانگەی ریچارد:

زانایەکی ئەمریکییە، لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا شێوازێکی چەمکی بەکارهێنا، گومانی تێدانییە هەر کۆمەڵگەیەک خاوەنی داب نەریتی خۆیەتی، ئەو داب و نەری و کلتوورە پەیوەستە بە رستە، ئاخۆ کۆمەڵ قبوڵی دەکات یا نا ، ریچارد پێی وایە ئەگەر ئەمڕۆ رستەیەک قبوڵ نەکرێت لەوانەیە دوای چەند ساڵێکی تر قبوڵ بکرێت، بۆ نموونە لە کوردستان لە شەستەکان ئەگەر بگوترابا (کچەکە ئوتومبێلی لێخوڕی) ئەوا قبوڵ نەدەکرا، بەڵام ئێستا شتێکی ئاساییە.

واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

## واتای رستە لە روانگەی لۆژیکناسەکان:

ئەمان رستە لە سنووری ئەقڵ و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان لێکدەدەنەوە، شیکردنەوەیەکی لۆژیکییان بۆ رستە دەکرد. بۆ نموونە

کتێبە رێزمانییەکەم لە نێو کتێبخانە دانا.

ئەوا لە دیدی لۆژیکناسەکان ئەم رستەی سەرەوە بەم شێوەیە لێکدەدرایەوە:

من پەرتووکم هەیە.

پەرتووکەکە رێزمانییە.

من پەرتووکی رێزمانی دەخوێنمەوە.

من کتێبخانەم هەیە.

واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

## چەمک و زاراوەی پراگماتیک:

زاراوەی پراگماتیک لە بنەڕەتدا لە وشەی گریکی (Pragma) هاتووە، کە بەواتای جوولە دێت. سەبارەت بە (Tic)ئەوە پاشگرێکە بۆ بواری زانست بە کاردێت. لە زمانی کوردی هەمان زاراوە بەکاریێ بۆ هەمان زانست.

لە زمانی عەرەبیش زاراوەی جۆراوجۆری بەرامبەر بە پراگماتیک بەکارهاتوو، وەک ( التخاطب – التداولیات ...تد ). ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار لەلایەن (چارلس مۆریس) بەکارهاتووە، دیارە ئەم بەکارهێنانەش بەشێوەیەکی هەرەمەکی و لە خۆوە نەبووە، بەڵکو ناوبراو لە کتێبەکەی بە ناوی زانستی رەمزەکان (Semiotics) زمانی بۆ سێ ئاست دابەش کردبوو:

١ – سینتاکس، پەیوەندی هێما بە هێما.

٢ – سیمانتیک، پەیوەندی هێما لەگەڵ جیهانی دەرەوە.

٣ – پراگماتیک، پەیوەندی هێما لەگەڵ بەکارهێنانی.

ئەوەشی تایبەت بێت بە چەمکی پراگماتیک ئەوە بۆچوونی جیاواز لە ئارا دایە، چونکە زمانناسان کۆک نین لە هەندێک بابەتی پەیوەندیدار بە پراگماتیک بۆ نموونە زمانناسان لەسەر ئەوە کۆک نین کە پراگماتیک لە بوارێکی فراوان بە کاربێت یا بە پێچەوانەوە، بۆیە لێرەدا هەندێک پێناسە بۆ پراگماتیک دەکەین، کە لیڤنسون لە کتێبەکەیدا بەناوی Pragmatics1997تۆماری کردووە :

١ - ئەو زانستەیە لێکدانەوەی هەندێک لەو گوتنانە دەکات کە ناوێزەییان پێوەدیارە، لە بواری سیمانتیک لێکدانەوەیان بۆ ناکرێت.

٢ - پراگماتیک زانستێکە لە پەیوەندی نێوان زمان و دەورووبەر دەکۆڵێتەوە، بە واتایەکی تر زانستێکە گرنگی بە زمان دەدات لە دەورووبەردا.

٣ – پراگماتیک لێکۆڵنەوەیە لە لایەنی چالاکی زمان.

٤ - یـول Yule-پێـی وایە پراگماتیـک بـریتییە لە، هەڵبـژاردن و دۆزینـەوەی دەورووبەری پەسەند بۆ رستە/ گوتن.

٥ - پراگماتیـک زانسـتێکە لە ( کـردە قسـییەکان و دەرکەوتە و نیشـانکارەکان و....تد) دەکۆڵێتەوە.

لەکـۆی ئەم پێناسـانەی پێشـوو خسـتمانە روو دەکرێـت بەشـێوەیەکی سادە بڵێین پراگماتیک بریتییە لە بەکارهێنانی زمان لە دەورووبەردا.

## هۆیەکانی سەرهەڵدانی پراگماتیک:

بەگشـتی چەنـد هـۆیەک وایـان کـردووە، کە پراگماتیـک وەک زانسـتێک سەرهەڵبدات لەخوارەوە لە چەند خالێک پوختی دەکەینەوە:

١ - پێشـکەوتنی بـواری زانسـتی بەگشـتی، پەرەیسـەند لێکۆڵینەوەکـان لە بـواری فۆنۆلـۆژی و سـیمانتیک و سـینتاکس وای کـرد هەنـدێک دیـاردەی زمـانی بێـتە ئـاراوە، کە بەهـیچ یەک لەم زانسـتانە چارەسـەر نەکرێـت. وەک هێـز و ئـاوازە، گریمانە و هەندێک دیاردەی تر.

٢ - لە سـیمانتیک سـنوور بـۆ وشـە/ رسـتە دانانـدرێت و لەگەڵ دەروبەر تـێکەڵ دەبێـت، کـاتێکیش ئەم تێکەڵبـوونە روویـدا واتـای وشـە/ رسـتە گـۆڕانی بەسـەر دادێت.

٣ - بـــۆوەلام دانەوەی بیر(نمـــوونەیی – Idealization) چومسـکی وەک پێویسـتیەکی سـەردەم پراگماتیـک سـەری هەڵـدا، واتە وەک بەرچـدانەوەکی کارەکـانی چومسـکی ئەم زانسـتە سـەری هەڵـدا، چـونکە پراگماتیکسـتەکان پێیـان بـوو، چومسـکی بۆچـوونی تەسـکە لەبـارەی زمـان و زمـان و سـینتاکس لەیەکتری جیـاواز ناکـاتەوە، لەلایەکـی تـریش چومسـکی بـڕوای وابـوو دەبێـت بـۆ لێکـۆڵینەوە قسـەی نمـوونەی وەربگـرین و دووربێـت لە دەورووبە ، کەوابێـت زمـانی لەدەورووبەر دادەبڕدرێـت تەنیـا پشـتی بە نمـوونە سـتاندەرەکان دەبەسـتا. بۆیە ئەم زانستە وەک بەرپەرچدانەوەی کارەکەی چومسکی دێتە پێش چاو.

واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

٤ – هـویەکی تـر بـۆ سـەرهەڵدانی ئەم زانسـتە، بـوونی کێشـەی نێـوان ئەدەب و زمـانە، چـونکە پراگماتیکسـتەکان بڕوایـان وایە کە، هەنـدێک بـابەتی وەک (ئیـدیەم، خواستن،...تد) بابەتی سەر بەزمانن و زیاتر لە ئاخاوتنی رۆژانە بەکاردێت.

ق – ئەرێ چی کردەووە؟

گ – پارووی کەوتە روونی.

وەڵامـی گـوێگر بـۆ قسـەکەر وەڵامێکـی بەلاغیـیە، ئیـدیەمێکی بەکارهێنـاوە ئەگەر پراگماتیک نەبێ ئەوە چ زانسـتێکی تـر دەتوانێـت گونجـان دروسـت کـات لە نێـوان ئەو پرسیارو وەڵامەی سەرەوەدا.

## سنووری پراگماتیک:

سنووری کارکاردنی زانستی پراگماتیک لە چەند خاڵێک چڕ دەکەینەوە :

١ – پراگماتیـک لێکـدانەوە لەو واتـای دەوروبەر دەکـات، دەوروبەریـش لەسـەر ئەمانە بەندە (قسەکەر، گوێگر، دەوروبەر، کات، شوێن، بابەت، بەژداربووان)

٢ – سـنووری پراگماتیـک خـاڵی دەسـپێکی لە خـاڵی کۆتـایی سـیمانتیکە، واتە لێکـدانەوەی لەو کەرەسـە زمانییـانە دەکـات کە، لە سـیمانتیک لێکـدانەوەیان بـۆ ناکرێت.

٣ – سـنووری کـارکردنی پراگماتیـک خـۆی لە بـابەتی کـردەی قسـەیی و گریمـانە و هەندێک بابەتی وەک پلەی کۆمەڵایەتی و ....تد دەبینێتەوە.

## سێگۆشەی واتایی لە ئاستی پراگماتیک:

هێمـا لە ئاسـتی پراگماتیـک پەیوەنـدیەکی چوارقـۆڵی دروسـت دەکـات، لە نێـوان (بیـر، تەن، هێمـا، کەس) وە دەبێـت، بەمەش لێکـدانەوەی واتـایی لە ڕوانـگەی (کەس)ـەوە دەگۆڕێـت، چـونکە پەیوەنـدی ئاسـایی نێـوان (هـێم ، تەن) تێـک دەچێت. لێکـدانەوەکە بەپێـی (نێـرەر، وەرگـر، دەوروبەر) دەگۆڕێـت. بەم پێـیە بێت شێگۆشەی واتای لە ئاستی پراگماتیک بەم شێوەیە دەبێت:




## بنەماکانی پەیوەندیکردن و پراگماتیک:

پراگماتیـــک لێکـــۆڵینەوەیەی زمـــانە لە دەوروبەر، بەکارهێنـــانی زمـــانیش بەلایەنـی کەمەوە پێویسـتی بە سـێ بنەمـای سـەرەکی هەیە بـۆ کـردەی پەیوەنـدی کـردن کە، ئەوانـیش بـریتین لە (نێـرەر، وەرگـر، پەیـام) بێگومـان کاتێـک زمـان لە دەوروبەر بەکاردێـت ئەوە بنەمـایەکی تـریش بـۆ کـردەکە زیـاد دەبـێ بەنـاوی (دەوروبەر-Context)ئەوەی هـیچ گومـانی تێـدا نیـیە، پەیـام لە ڕێـگەی (کـۆد-Code)ەوە دەردەبڕدرێـت، بـۆ دەربڕینـی پەیـامیش پێویسـتمان بە (کەنـاڵ-Canal)دەبێـت بـۆیە دەکرێـت پەیوەنـدیەکی زۆر بەهێـز هەبێـت لە نێـوان پراگماتیـک و بنەماکـانی پەیوەنـدیکردن. زۆربەی زمانناسـان لەسـەر ئەوە کـۆکن کە، ئەرکـی هەرە سـەرەکی زمـان بـریتییە لە پەیوەنـدی کـردن، واتە زمـان ناوەنـدێکە بـۆ بەسـتنی پەیوەنـدی نێـوان مرۆڤەکـان. ئەوەش بەمەبەسـتی لەیەکتـری گەیشـتن و زانیـاری گـۆڕینەوە و دەسـت خسـتنی زانیـاری نـوێ، بێگومـان پرۆسـەی پەیوەنـدی کـردن پرۆسـەیەکی سـاکار نییە و چەنـد پـایەیەکی هەیە، بە واتـایەکی تـر بـۆ بەسـتانی پەیونـدی لە نێوان کەسـەکان چەنـد بنەمـایەک هەیە لە شـێوەی بازنەیەکـدا، ئەوەش بە جـۆرێکە سـەرەتا نێـرەر بیرۆکەیەکـی بـۆ

دروست دەبێت یان تووشی وروژانێک دەبێت لەو کاتەشدا بیرۆکەکەی بەرێگەی کەناڵێک دا دەنێرێت بۆ کەسی بەرامبەری کە وەرگری پەیامەکەیە، کەواتە بۆ بەستانی کردەی پەیوەندی بەلای کەمەوە پێویستی بە دوو کەس هەیە، سەرەتای پەیڕەوەکە لەلایەن (A)ـیەوە دەست پێدەکات لە چوارچێوەی پەیوەندی کردندا کە تێیدا (AوB) پێکەوە گفتوگۆ دەکەن پەیامەکەش بریتی دەبێ لە بیرۆکەکانی (A) کە بە ئاراستەی (B) دا دەڕوات دواتر بازنەکە بەردەوام دەبێت لەلایەن (B)ـەوە بەڵام بە ئاراستەیەکی پێچەوانە، ئەگەر وێناکردنی بیریان یەکسان بێ پەیوەندیەکە سەرکەوتوو دەبێت. ئەوەی سەرەوە بۆچوونی سۆسێرە لەسەر کردە و بنەماکانی پەیوەندیکردن، بەڵام هەندێک زمانناسی تر هەندێک بنەمای تر بۆ کردەی پەیوەندی کردن دەست نیشان دەکەن، هەر بۆ نموونە یاکۆبسن بەم شێوەیە باسی بنەماکانی پەیوەندی کردن دەکات نێرەر پەیامێک بۆ وەرگر دەنێرێت، بۆ ئەوەی پەیامەکە کاریگەر بێ پێویستی بە دەوروبەرێک هەیە بۆی بگەڕێتەوە، دەوروبەرێک کە لای وەرگر درک پێکراوبێ، پەیامەکەش پێویستی بە کۆدێکی هاوبەش هەیە بە شێوەیەکی تەواو لە نێوان نێرەر و وەرگر، گواستنەوەی پەیامەکەش پێویستی بە کەناڵێکی فیزیکی دەبێت. ئەوەی لە بۆچوونەکەی یاکۆبسن بەدی دەکرێ بنەماکانی پەیوەندی کردن بریتیین لە (نێرەر، پەیام، وەرگر، کۆد، کەناڵ) بۆ پرۆسەی پەیوەندی کردن هەموو بنەماکان گرنگن و بە تەواوکەری یەکتر هەژمار دەکرێن، بەڵام رێژەی گرنگییان وەکو یەکتر نییە، بە جۆرێک دەکرێ هەندێکیان بە بنەمای سەرەکی یان جێگیر هەژمار بکەین، هەندێکی تریان بە لاوەکی یان ناجێگیر هەژمار بکەین چونکە لەهەمان کاتدا لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دەروونی کاریگەرییان لەسەر گواستنەوەی بیرۆکە و زانیارییەکان لە نێوان تاک و گروپەکاندا هەیە. واتە لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر پرۆسەی پەیوەندیکردندا



واتاسازی م.ئاوات ئەحمەد

هەیە، چونکە کردەی پەیوەندی کردن لە شێوەی بازنەیەکدا دەخولێتەوە، بەم پێیەش بێت باری دەروونی و کۆمەڵایەتی نێرەر و وەرگر و دەورووبەرەکەیان کاریگەری تەواوەتی لەسەر پرۆسەکەدا دادەنێن.




## ١ - نێرەر:

ئەو کەسەیە، کە هەڵدەستێت بە ئاراستەکردنی پەیام بۆ بەرامبەرەکەی جا بەرامبەرەکەی کەسێک بێت یا چەند کەسێک بێت. کردەی گەیاندن بەبێ نێرەر گوتار بەرهەم ناهێنێ، بۆیە نێرەر گۆشەیەکی زیندووە لە کردەی گەیاندا. نێرەر رەگەزی یەکەم و بنەرەتییە لە کردەی گەیاندا، چونکە ئەو خاوەنی بیرۆکەکەیە. هەروەها نێرەر بەرهەمهێنەری زانیاریە، مەرجیشە توانای بە رەمزکردنی گەیاندنی هەبێت تاوەکو کردەکە سەرکەوتوو بێت.

## ٢ – پەیام:

دەقێکی زمانییە دوای بەکارهێنانی، یان ناوەڕۆکی گەیاندنە، کە ئاماژە بەو واتایانە دەکات نێرەر بە رەمزی کردون و بۆ وەرگری دەنێرێت، بە مەبەستی کاریگەریی کردنە سەری. پەیام دەکرێت بە زیاتر لە شێوازێک بنێردرێت، (دەنگ / هێما).

أ – ئەمەم بۆ بهێنە . پەیام لە رێی دەنگ کۆدکراوە.

ب –  پەیام لەرێی هێماوە.

## ٣ - وەرگر:

هەندێک نووسەر بە جەمسەری دووەمی کردەی گەیاندنی لە قەلەم دەدەن، بەڵام بە بڕوای ئێمە جەمسەری سێیەمە، چونکە سەرەتا بیرۆکە لای نێرەر دروست دەبێت پاشان دەیکاتە پەیام ئنجا بۆ وەرگری دەنێرێت، بەم پێیە وەرگر دەبێتە جەمسەری سێیەمی کردەی گەیاندن. نێرەر ئەو کەسەیە کە پەیامی نێرەری دەگاتێ.

بۆ تێگەشتنی پەیام وەرگر پێوستی بەم سێ قۆناغە دەبێت:

١ - لێکدانەوەی واتای فەرهەنگی، ئەویش لە رێگەی لێکدانەوەی واتای وشەکانەوە.

٢ - بەراوردکردنی لەگەڵ ئەودەوروبەرەی تێیدا دەربڕاوە تابزانێت لەگەڵی دەگونجێت، یان نا.

٣ - ئەگەر مەبەستەکەی نەگەیاندن ئەوە پێویستە بگەڕێتەوە بۆ هەندێک زانیاری کەسیی و کلتووریی.

## ٤ - دەوروبەر:

دەرووبەر سنووریکی فراوانی هەیە، چونکە کاریگەریی دەکاتە سەر گوتن و رستە. بۆچوونی دەورووبەر بنەڕەتەکەی دگەڕێتەوە بۆ زانای مرۆڤناسی (مالینۆسکی - Malinowski)، بەڵام ئەوەی گرنگی زۆری بەم تیۆرە دا (جی ئارڕ فێرس- G.R.Firth) بوو، کە رابەری قوتابخانەی لەندەنیش بوو. ناوبراو لە روانگەی دەورووبەر دەیڕوانییە زمان. هەندێک زانای وەک (میشێل Mitchell و هالیدەی Haliday و...تد ) لە هەمان کاتیشدا ( لاینز-Lyons) پابەندی خۆی بە بەرنامەکەی فێرس (دەورووبەر) دووپات کردەوە. فێرس بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە، واتا روون نابێتەوە تەنیا لە چوارچێوەی دەورووبەردا نەبێت. (راسل) لەم بارەیەوە دەلێت وشە تا رادەیەک واتایەکی لێڵ بەخۆیەوە دەگرێت، لە کاتێکدا واتای روون دەبێتەوە کە، سەریری دەورووبەری و شوێنی بە کارهێنانی بکرێت. زماننناسان پێیان وایە

وشــە لە نێـو فەرهەنــگ فرەواتــایە، بەڵام لە دەوروبەر لە تــاکە واتــایەک زیــاتری نیـیە. کەواتە دەکـرێ بڵـێین وشــە واتــاکەی روون نــابێتەوە تەنیــا لە دەوروبەر دا نەبێت بۆیە واتای وشە بریتییە لە کۆی بەکارهێنانەکانی.

## ٥ - کەناڵ:

کەنــاڵ پــردی پەیوەنــدی نێــوان نێــرەر و وەرگــرە، ســەرچاوەی گواســتنەوەی پەیــامە. جــۆری کــۆد کەنــاڵ هەڵــدەبژێرێت چــونکە کەنــاڵ زۆر جــۆری هەیە وەک (رادیــۆ، مۆبایــل، تەلەفیزیۆن،...تــد) هەر پەیوەنــدییەک لە رێــی کەرســتەوە، لە نێــوان نێــرەر و وەرگــر دا هەبێــت وەک کەنــاڵ بەکاربهێنــدرێت، کە لەلایەن نێــرەرەوە بگۆردرێــت و لەلایەن وەرگــرەوە بە گــۆڕدراوی پەیــی پــێ بەرێت کەناڵە.

## ٦ - کۆد:

نێرەر بۆ ئەوەی بیرۆکەکانی بۆ وەرگر بنرێت پێویستە کرداری وەرگێڕان ئەنجام بدات و پێویستی بە کۆد دەبێت کۆدیش لێرەدا بریتیی دەبێت لەکۆمەڵێک هێما کە، نێرەر و وەرگر پێی ئاشنان زمانناسان زاراوەی جیاجیایان بۆ ئەم مەبەستە بەکار هێناوە ، هەندێکک زاراوەی زمان- Lange )ی سۆسیری و هەندێککی تر (سیستەم-System)ی هیلمسلیف و هەندێککی تر (توانست-Competence)ی چومسکی بۆ بە کـار دێنن. کەواتە کـۆد گوزارشـتە لە پەیرەوێکـی هێمـایی یاسـادار، کە نێرەر بەر هەمـی دێنێـت و وەرگـر پێـی ئاشـنایە، لە پرۆســەیەکدا پێیـدەگوترێت بەکـۆدکرن و کــۆدکردنەوە وەکــو دوو زاراوەی زمــانیی بەرامــبەر زاراوەکــانی (Encoding و Decoding) دەوەســـتن. لە زمـــانی کوردیـــدا زاراوەکـــانی (بەجفرەکـــردن و جفرەلێکدانەوە) بۆ هەمان مەبەست بەکاردێن. بە کۆدکردن و کۆدکرنەوە لە سادەترین ناساندندا دەکرێت بە پرۆسـەی وەرگێڕان دابندرێن، چونکە مرۆڤ سـەرەتا بیر لەوە دەکاتەوە پێکهاتە بیرییەکان بگۆرێت بۆ پێکهاتە زمانییەکان، دواتریش هەمان پرۆسـە بە پــێچەوانەوە بەردەوام بەدەبێــت. ئەمەش دەریــدەخات پرۆســەی بە کــۆدکردن و



وانەکانی م. ئاوات ئەحمەد

کۆدکردنەوە چەند ئاستێکی هەیە، یان رونتر بڵێین پرۆسەکە بە شێوەیەکی پلیکانەیی بەڕێوە دەچێت. ئەم گۆڕینە لە تەسەورەوە بۆ ناوەڕۆکی جفرەی زمانیی ناو دەبرێت بە <<بەجفرەکردنی سیمانتیکی Semantic encoding >>. ئەمە بەو واتایە دێت کە، بیرەنابەرجەستەکان تا ئەو کاتەی بە کۆد نەکرێن ئەوە هیچ واتا و مەبەستێکی دیاریکراو نابەخشن. چونکە دەکرێت بیری کەسێک لەگەڵ کەسێکی تر جیاوازبێت، هەر بۆ نموونە بیری (مرۆڤ، مێ، شوونەکردوو) بە هێماکانی (کچ، کیژ، کەنیشک) وەربگێڕین یان بە کۆدی بکەین. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە، دەکرێت یەک بیر بە زیاتر لە هێمایەک وەربگێڕدرێت لە هەندێک کاتدا، لە هەندێک کاتی تریشدا یەک بیر بەرامبەر یەک هێما دەوەستێت. تا ئێرە رۆنانی کۆدەکان بوو، لەمە بە دواوە کۆدەکان لە رێگەی زنجیرە دەنگیکەوە دەکرێنە وشە/گرێ، بۆ ئەوەی لەکاتی درکاندندا هەڵگری واتایەکی سیمانتیکی بن. بۆ نموونە کاتێک ئێمە دەمانەوێت هێمایەک بۆ (مرۆڤ، نێر، خێزاندار، بەتەمەن، بەوەچە) دابنێین، ئەوە دەبێت هێمای (باپیرە) هەڵبژێرین کە، لە زنجیرە دەنگی (ب، ا، پ، ی، ر، ە) پێکهاتووە، و گوزارشتە لەو بیرەی سەرەوە، کاتێک ئەو هێمایە بۆ وەرگر دەنێرین ئەگەر توانای لێکدانەوەی کۆدەکانی هەبێ ئەوە لە واتای هێمایەکە تێدەگات. چونکە هەمان بیری نێرەر لە مێشکی وەرگریشدا هەیە لە پرۆسەکەدا، ئەمە لە کاتێکدا دەبێت کە، وەرگر و نێرەر زمانیان هاوبەش بێت. واتە بە کۆدکردنەکە لە رێگەی هێمایەکەوە دەبێت کە، لەلایەن نێرەرەوە زاندراوە و وەرگریش درکی پێدەکات. هەرچی پەیوەستیش بێت بە پرۆسەی کۆدکردنەوە، ئەوە بە پێچەوانەی پرۆسەی بەکۆدکردنە ، بە واتایەکی تر کۆدکرنەوە بریتییە لە گۆڕینی هێماکان بۆ سەر بیر. ئەم پرۆسەیە پەیوەندییەکی بە هێزی لەگەڵ زانستی دەنگەکانەوە هەیە، چونکە هێما زمانییەکان لە رێگەی دەنگەوە دەردەبڕدرێن. بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا بیرەکان کاتێ بە هێما دەکرێن ئەوە زۆربەیان دەکرێن بە هێمای نازمانیی، چونکە سەرەتا ئەو هێمایانە خۆیان لە بنەڕەتدا هێمای زمانیی بوون دواتر لە رێگەی پسپۆڕی تایبەتمەندەوە بۆ هێما نازمانی وەرگێردراون. بۆ ئەوەی ئەو

کەسەکانەش لێیتێبگەن کە توانای خوێندنەوەیان نییە، بە واتایەکی تر توانای لێکدانەوەی هێما زمانییەکانیان نییە

## دانە واتاییەکانی پراگماتیک:

هەر ئاستێکی زمان هەندێک دانەی تایبەت بەخۆی هەیە و لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکات، پراگماتیکیش وەک لقێکی واتاسازی هەندێک دانەی واتای وەک (گوتن ، دەق ، گوتار ...تد) هەیە کە و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکات:

### ١ – گوتن:

بریتییە لە رستەی بەکارهێندراو لە دەوروبەر بۆیە زماناسێکی وەک (فرۆمکین-Fomkin)لە پێناسەی گوتندا دەلێت (واتای رستە + واتای دەوروبەر). وەک:

–ئەو سبلیتە ساردیەکەی کار دەکات؟

– >>>ئێرە گەرمە.

### ٢ – دەق:

(هالیدەی- Halliday) لە پێناسەی دەقدا دەلێت (دانەیەکی سیمانتیکیە، پەیوەندی بە واتاوە هەیە نەک فۆرم.) کەواتە دەق بریتییە لە کۆمەڵێک رۆنانی زمانی یەکەیەکی زمانی تەواو پێک دەهێنێت، لەنێو یەکە دروست کراوەکەدا رۆنانەکان واتای یەکتری تەواو دەکەن، بۆ ئەوەی دەقەکە واتایەکی زنجیرەی ڕێکبدات

### ٣ – ئاخاوتن:

(لیڤنسون-Levinson) بەم شێوەیە پێناسەی ئاخاوتن دەکات (ئاخاوتن قسەیەکە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر بەڕێوە دەچێت و ئازادی تێدا بەرچاو دەکەوێت، لەسەر بنەمای نۆبەگرتن بەڕێوە دەچێت) کەواتە ئاخاوتن بریتییە لە

واتاسازی م ئاوات ئەحمەد

دەقێکـــی بەکارهێنـــدراو لە دەوروبەر. خـــاوەنی ئەم بنەمایـــانەیە (نێـــرەر، وەرگـــر، دەوروبە ، بابەت).

## ٤ - گوتار:

قســـەیەکە لە دەوروبەر بەکاردێـــت. دانەیەکـــی لە رســـتە گەورەتـــرە، ئەرکـــی گەیانـــدنی واتـــا و پەیـــامە بـــۆ کەســـی بەرامـــبەر، لە گوتـــار مەرجـــی ئـــازادی و نۆبەگرتنی تێدا نییە.

## واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی:

هەرچەنـــدە ســـیمانتیک و پراگماتیـــک ســـەربەیەک ئاســـتن (واتاســـازی) بەڵام بەرنـــامە و کارکردنیـــان جیـــایە لە یەکتـــری هەریەکەیـــان بە شـــێوەیەک لە واتـــا دەکـــۆڵنەوە، بـــۆیە لە ئاســـتی واتاســـازی دوو جـــۆر واتامـــان هەیە، واتـــای ســـیمانتیکی و واتـــای پراگمـــاتیکی. ئـــێمە ئەم جیـــاوازیە لە چەنـــد خاڵێـــک دەخەینـــە روو:

١ – ســـیمانتیک لە واتـــای فەرهەنگـــی وشـــە/ رســـتە دەکـــۆڵێتەوە . بەڵام پراگماتیـــک لەو واتایە دەکۆڵێتەوە کە لە دەوروبەر وەردەگیرێت.

باوکت خەوتووە؟

لە ســـیمانتیکدا ئەمە رســـتەیەکی ئاســـاییە و لە شـــێوەی پرســـیار دایە، قســـەکەر تەنیـــا مەبەســـتی ئەوەی هەیە بزانـــێ کەســـەکە خەوتـــووە یـــان نـــا. بەڵام لە پراگماتیـــک کاتێـــک رســـتە دەخـــرێتە دەوروبەر دەبێـــتە گـــوتن، چەنـــدین واتـــی جیـــای بە پێی دەوروبەر لێ دەستدەکەوێت.

باوکت لە ماڵەوەیە؟

کارم بە باوکتە.

........تد.

٢ – ســـــیمانتیک لەو واتایـــــانە دەکـــــۆڵێتەوە، کە لەنێـــــو خەڵکـــــی بـــــاون. بەڵام پراگماتیـــــک لەو واتایـــــانە دەکـــــۆڵێتەوە، کە لە ئەنجـــــامی چـــــالاکی مێشـــــک



واتاسازی/م. ئاوات ئەحمەد

دەکەوێتەوە. کەواتە سیمانتیک لە سەر توانست بەندە، بەڵام پراگماتیک لەسەر لایەنی چالاکی بەندە.

٣ – سیمانتیک لە واتای روون و ئاشکرا دەدوێت، ئەو واتایەش دەبێتە کەرەسەی لێکۆڵینەوەی سیمانتیک، بەڵام پراگماتیک لە واتای شاراوە دەدوێت و کەرەسەی پراگماتیکیش لەم بارەدا دەبێتە واتا شاراوەکانی گوتن.

٤ – سیمانتیک تەنیا لە هێمای زمانی دەکۆڵێتەوە، بەڵام پراگماتیک لە هێمای زمانی و نا زمانی دەکۆڵێتەوە.

٥ – واتای سیمانتیکی پابەندی یاسایە ئەگەر یاساکان بەزێندران ئەوە واتای پراگماتیکی دێتە ئاراوە، بەڵام پراگماتیک پابەندی بنەمایە، ئەگەر بنەماکان بەزێندران ئەوە ناتەواوی دروست دەبێت.

٦ – لە سیمانتیکدا واتا نەگۆڕە، چونکە واتای سیمانتیکی بریتییە لە (واتای فەرهەنگی+ کاریگەریی ڕێزمانیی) بەڵام واتای پراگماتیکی واتایەکە گۆڕانی بەسەر دادێت بەپێی کەسەکان و ڕێژەی چالاکیان، بۆیە واتای پراگماتیکی دەبێتە (واتای سیمانتکی+ دەوروبەر)

٧ – سیمانتیک واتای وشە/ رستە لە دەرەوەی دەوروبەر لێکدەداتەوە، بەڵام پراگماتیک لە لێکدانەوەی واتا بە تەواوی پابەندی دەوروبەرە.

## کردە قسەییەکان:

کردەقسەییەکان لەبۆچوونەکانی فەیلەسوف (ئۆستن) سەرچاوەی گرتووە، چونکە ئۆستن پێیوابوو زمان بریتییە لە کردە، کەواتە کردەقسەییەکان بۆچوونێکە قسەکردن بە ئەنجامدانی کارێک دادەنێت، زمان کردەیە نەک قسە، ئەرکی سەرەکی راپەڕاندنی کارە وەک راسپاردن و هەوڵدان و .....تد. کردە قسەییەکان بە شێوەیەکی فراوان لە زمانناسیدا بەکاردێ ئەوەش بۆ پەسندکردنی تیۆرێک کە رۆڵی گوتنەکان شیدەکاتەوە، ئەویش بەرەچاوکردنی هەڵسوکەوتی گوێگر و قسەکەر ئەگەر زمان کردە بێ و بۆ ئەنجامدان و بە جێهێنانی ئەرکێک بێ ئەوە ئەوە هەر گوتنێک چەند گوتنێکی

تری لە خۆ دەگرێت کە قسەکەر دەیەوێ جێبەجێیان بکات. بەم پێیەش بۆ کردەقسەییەکان چەند کردەیەکی وەک هەواڵ و پرس و فەرماندان......تد لە خۆ دەگرێت. کردەقسەییەکان هەر بەتەنیا بە زمان دەرنابڕدرێن بەڵکو دەکرێت لە ڕێگەی هێماشەوە بێ، ئەوەش بە جۆرێکە، کە وەرگری هێماکە لێی تێدەگات، چونکە هێماکە دەبێتە نێرەر لە بری کەسەکان، لێکدانەوەی هێماکان و جۆری کردەکان دیاری دەکات.

**١ – کردەی بڕیاردان:**

ئەمەش خۆی لەو کردانەدا دەبینێتەوە،کە بڕیاردانیان تێدایە وەک (دامەزراندن، فصلکردن، ...تد)

**٢ – کردەی پەیماندان:**

ئەمەش بریتییە لە بەڵێندان و سوێندخواردن و .....تد قسەکەر.

**٣ – کردەی حوکمدان:**

ئەمە زیاتر ئەو بڕیارە ڕەسمیانە دەگرێتەوە کە لە دادگاکان دەردەچێت .

**٤ – کردە ڕەوشتییەکان:**

ئەو کردانە دەگرێتەوە وەک لێبوردن، ڕەتکردنەوە ،....تد.

**٥ – کردەی ڕوونکردنەوە :**

ئەمە زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی بیروڕا تێڕوانین بەکاردێ وەک ڕازی بوون، ڕازی نەبوون، نکوڵی کردن ،....تد.

**دابەشکردنەکەی سێرڵ:**

**١ – هەست دەربڕین:**

بارێکی دەروونی دیاریکراوە، تێیدا هەست دەردەبڕدرێت.

**٢ – ڕێنماییکردن:**

ئەم کردەیە ئەوانە دەگرێتەوە ئامۆژگاری، فرماندان،....تد.

واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

### ٣ – کردەی نواندن:

لەم جۆرە کردەیە بۆچوون و بیر دەربڕینی تایبەتی تێدایە، پەیوەستە بە ناوەڕۆکی گوتنەکەوە، وەک بۆچوون، چاودێریکردن.

### ٤ – کردەی پەیوەستبوون:

ئەمە بریتییە لە بەجێهێنان و پەیوەست بوون بە بەلێندان ،....تد.

### ٥ – راپەڕاندن و بلاوکردنەوە:

زیاتر کردەی راپەراندن دەگریتەوە وەک ناونان ، بڕیارە رەسمیەکان.

### گوتنەکانی کردە قسەییەکان:

ئۆستن لە تیۆری کردە قسەییەکان جیاوازی لە نێوان سێ جۆری کردەی قسەیی کردووە، بەم شێوەی خوارەوە:

### ١ – گوتنی هەواڵدان:

بریتییە لەو گوتنەی کە، بۆ گەیاندنی زانیاری و هەواڵدان و بلاوکردنەوە،...تد بەکاردێت.

### ٢ – گوتنی پرسیار:

ئەم جۆرە گوتن بەندە لەسەر بنەمای وەرگرتنی زانیاری لە رێگەی پرسیار و وەلام.

### ٣ – گوتنی فەرماندان:

گوتنێکی نێرەرە بۆ وەرگر بەمەبەستی کاریگەری کردنە سەری، بۆ ئەوەی کارێکی بۆ بکات لە رێگەی داوا و کردەی فەرمان،....تد.

### جۆرەکانی کردەی قسەیی:

ئۆستن دوو جۆر کردەی ئاشکراو شاراوەی دەستنیشان کردووە.

واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

## ١ – کردەی ئاشکرا:

لێرەدا مەبەست بەروون و ئاشکرایی دەردەبڕدرێت، کردەی روودان و راپەڕاندنی تێدایە.

## ٢ – کردەی شاراوە:

لێرەدا کردەکە بەروون و ئاشکرا ئەنجام نادرێت، بەڵکو شێوەیەکی شاراوە وەردەگرێت، کە هەندێک هۆی کۆمەڵایەتی کار لە کردەی گوتنەکە دەکات.

## سێرڵ بەم شێوەیە جۆری کردەی قسەی دابەش دەکات:

## ١ – کردەی راستەوخۆ:

کردەکە بە شێوەیەکی راستەوخۆ راشکاوی ئەنجام دەدرێت، بەواتایەکی تر مەبەستی قسەکەر ئاشکرایە و راستەوخۆی مەبەستی خۆی دەردەبڕێت.

## ٢ – کردەی ناراستەوخۆ:

ئەمە بریتییە لەو کاتانەی کە مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی راستەوخۆ ناگاتە گوێگر، ئەم جۆرە کردەیە زیاتر لە رێگەی گوتنەکانی فەرماندان، هەواڵدان،...تد وە بەئەنجامدەگات بۆ نموونە:

– ناکرێ ئەمڕۆ تاقی کردنەوە نەکەین؟ داوا لەشێوەی پرسیار.

## کردەی رستەی هەواڵدان:

دەکرێت گوتنێک لە شێوەی هەواڵداندابێت، بە گوێرەی ئاوازە کۆمەڵێک مەبەستی جیاجیا دەگەیەنێت، وەک ( گلەیی، نارەزایی، پۆزش،...تد)

– قەڵەمەکەتم شکاند. (پۆزش)

– جلەکانم ئوتو نەکراوە . (گلەیی)

– دوێنێ مامۆستا ناهاتبوو. (پاکانەکردن)

- دەزانم دوێنێ لە کوێ بووی. ( هەڕەشەکردن)
- منالێکی زیرەکە. ( نرخاند )
- هەمووی خەتای تۆ بوو وام لێهات. (تاوانبارکردن)
- بڕۆبڕۆ بزانە کورەکەت لە کوێیە. (توانج لێدان)

کردەی پرسیاری بەپێی دەورووبەر کۆمەڵێ مەبەستی جیاجیا دەگەێنێت.

-کوا وانەتان خێندووە؟ (گلەیی) دەکرێت (هەڕەشە)ش بێت.
-کارەبا هەر نەهاتەوە؟ (نارەزایی)
-پەرتووکە تۆ بردووتە ؟ ( تاوانبارکردن)
-کوا باسی تۆم نەکردووە؟ (پاکانەکردن) ...تد.

کردەی داخوازی بەپێی دەورووبەر کۆمەڵێک مەبەستی جیاجیا دەگەێنێت.

بابڕۆین ( هەڕەشە )

بانەڕۆم ( بێزاری )

واچاکە بڕۆیت ( ئامۆژگاری ) .....تد.

## دەرکەوتەکان:

### ١ -دەرکەوتەی گشتی:

ئەم جـــــــۆرەی دەرکەوتە دوور لە دەورووبەر هەڵـــــــــدەهێنجرێت، لەوانەیە تاکە وشەیەک لە نێو رستە/ گوتنەکە ئەو دەرکەوتەیە بەرهەم بێنێ. وەک

ئەلەند چاوی بە کچێک دەکەوێت.

ئەوەی دەردەکەوێت لەو نموونەیە کچەکە ناسیاوی ئەلەند نییە

### ٢ – دەرکەوتەی تایبەتی:

ئەو دەرکەوتـــانە دەگـــرێتەوە لە دەورووبەرێـــک هەڵـــدەهێنجرێت و دەبێـــتە دوو جۆر (دەرکەوتەی ئاخاوتەی، دەرکەوتەی شوێنی)

زاراوەی (Implicatures) لە نێـو زماننـاسـانی کـورد بە شـێوەی جیاجیـا وەرگێـڕدراوە، هەیـانە بە دەرکەوتەکـان و بە واتـای شـاراوە و بە خشـکەی

واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

دەربڕین و لێکەوتەی ئاخاوتەی و بە لێکەوتە وەریانگێڕاوە. بریتییە لە لێکدانەوە شیکردنەوەی ئاخاوتن، بەتایبەتی ئەو زانیاریانەی لەنێو خودی گوتنەکە ئاماژەی بۆ نەکراو ، لەم بارەوە (گرایس- Grice)لە ساڵی ١٩٧٥ لە کتێبەکەی بەناوی (ئاخاوتن و لۆژیک) ئەوەی تۆمارکردووە (ئاخاوتن لەسەر بنەمای هاریکاری بەڕێوە دەچێت لە نێوان نێرەر و وەرگردا) بۆیە هەموو قسەکەرانی زمان بەبێ جیاوازی رۆشنبیر و کلتوور لە هەموو کۆمەڵێک دا پەیڕەوی دەکەن و بە واتای هاوبەش دەگە. ئەمەش بەندە بەو بنەمایانەی کە، گرایس دیاری کردوون بۆ ئاخاوتن. تەواوی یاساکە خۆی لە گوتەیە دەنوێنێت (( گوتنەکەت با هێندە بێت و لەو کات و شوێنە بێ و بە جۆرێک بێت کە ، تێگەیشتن پێویستی پێیە.)) ئەمە یاسا گشتییە بۆ تێگەیشتن لەم یاسا گشتیە چەند یاسەیەکی وردتر هەیە. بەم شێوەی خوارەوە :

١ – بنەمای چەندیەتی
٢ – بنەمای چۆنییەتی
٣ – بنەمای گونجان ( پەیوەندی)
٤ – بنەمای شێواز

## ١ – بنەمای چەندیەتی: Quantity

کرۆکی ئەم بنەما بریتییە لەوەی با گوتنەکەت هێندە بێ کە، ئاخاوتن پێویستی پێیە، نەزیاتر بێت و نەکەم تر. کەواتە ئەم بنەمایە لە کاتی پراکتیک کردن لە ئاخاوتندا دەبێت وەڵام دانەوە وەڵامێک بێت لە رووی زانیاری بەخشیەوە هێندە بێت کە کەسی بەرامبەر دڵنیا کاتەوە، واتە گوێگر لە وەڵامەکە رازی بێت.

ق – چۆنی ؟ ق - چۆنی
گ – باشم . گ – باشم سوپاس بابیشم باشە.



واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

دیارە لە نموونەی یەکەم بنەمای چەندیەتی پەیڕەو کراوە، چونکە بەژداری کردنی گوتنەکە لە رووی زانیاری بەخشیوە کە گوتنەکە پێویستی پێیەتی. لە نموونەی دووەم لە بنەمای چەندیەتی لایداوە چونکە زانیاری زیادەی خستۆتە روو.

## ٢ - بنەمای چۆنییەتی: Quality

ئەم بنەمایە گرنگی بەراستی دروستی دەدات، لە سەر ئەم یاسایە بەندە (ئەوشتانەی دەیڵێیت با بەڵگەی تەواوت لەسەریان هەبێت و هەوڵ بدە ئەو شتەی دەیڵێیت راست بێت) ئەوەی لەم بنەمایە دەردەکەوێت ئەوەیە دەبێت لە کاتی ئاخاوتن ئەنجامدان پەیڕەوی لە راستی و دروستی زانیاریەکان بکەین و ئەو زانیارایەنی دەریان دەبڕین گومانیان تێدا نەبێت و ئەگەر پێویستیش بوو بەڵگەمان بۆ قسەکانمان هەبێت.

ق – چەند پارەت پێیە ؟ ق – لە واتاسازی چەندت هێنابوو ؟

گ – وابزانم دوو یا سێ هەزار. گ – ئەوە وەرەقەکەمە ٨ م هێناوە.

## ٣ - بنەمای گونجان (پەیوەندی) Relation :

ئەوەی لەو بنەمایەدا گرنگە، ئەوەیە دەبێت وەڵامی گوێگر بگونجێت و پەیوەندی بە پرسیاری نێرەر هەبێت و لەسەر ئەم یاسایە بەندە کە دەڵیتت (با گوتنەکەت پەیوەند بێت)، ئەم بنەمایە زیاتر پەیوەستە بە(سازکردن و جۆرەکانی گوتن، جۆرەکانی ناوەی ئاخاوتن و گۆڕینی جۆری گفتوگۆ و خۆ رزگار کردن و کۆتای پێهێنانێکی لەبار.) کەواتە لە حاڵی پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایە دەبێت پەیوەندیەکی بەهێز هەبێت لە نێوان ئەو ئاخاوتنەی لەلایەن ئاخێوەران ئەنجام دەدرێت.

ق – دێی بچینە بازاڕ ؟ ق – نانی ئێوارە پێکەوە بخۆین ؟

گ – مۆبایلەکەم کارناکات . گ – ئەی بۆ نا پێم خۆشە.

لە نموونەی یەکەم پەیرەوی نەکراوە لەو بنەمایە، لە دووەم پەیڕەو کراوە.

واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

## ٤ - بنەمای شێواز : Manner

ئەوە بنەمایە ئامۆژگاری ئەوەمان دەکات لە ئاخاوتن دا خۆمان بە دوور بگرین لە لێڵی و وشەی هاوبێژی ....تد ئەو بنەمایە لەسەر دەقی ئەو یاسایە بەندە (روون بە) ئەو یاسایە چەند بنەمایەکی وردتری دەست نیشان کردووە بەم شێوەیە (با دەربڕینەکانت دوور بن لە لێڵی و تەنیا خاوەنی یەک لێکدانەوە بن، لەگەل ئەوەش با گوتنەکانت کورت و پوخت بن و دوور بن لە وشەی هاوبێژ و فرەواتا). کەواتە ئەم بنەمایە لە حاڵی پەیڕەو کردنی تەنیا ڕستەی رون و ئاشکرا قبوڵ دەکات.

ق – پێشبڕکێ بکەین ؟

گ – تۆ خۆش دەبەزی ئەسپی بەزینت پێیە

من ناگەم بەتۆ ئەسپی بەزینم پێیە.

ق - پێشبڕکێ بکەین

گ – بەڵێ ئەی بۆ نا.

### گریمانەی پێشینە:

زاراوەی گریمانەی پێشینە لە زاراوەی ئینگلیزی Presupposition ـیەوە هاتووە، زاراوەکە لە دوو بەش پێک هاتوە کە، (Pre) بە واتای پێشینە و(Supposition )بە واتای گریمانە دێت کەواتە کۆی زاراوەیPresupposition بە واتای گریمانەی پێشینە دێت. لە زمانی عەرەبیش بەرامبەر ئەم زاراوەیە، زاراوەی (فرضيات السابيقه) بەکاردێت. چەمکی گریمانەی پێشینەیش بریتییە لە (کۆمەڵێک زانیاریی کە، قسەکەر پێشینە گریمانەی ئەوە دەکات کە، گوێگر دەیانزانێت پێویستی پێیان نییە. بۆیە بەشێوەیەکی راستەوخۆ باسیان ناکات، بەڵام گوێگر لە پەنا هەندێک زانیاری تری رستەکەوە گریمانە پێشینەکانی یاخود زانیاریەکانی دەدۆزێتەوە) بە

واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

واتایەکی تر گریمانەی پێشینە بریتییە لە (گوتەی (أ) گریمانەی پێشینەی (ب) دەکات ئەگەر هاتوو (ب) مەرجی راستی و ناراستی پێش وەختەی (أ) بێت.

## جۆرەکانی گریمانەی پێشینە:

زۆر جۆری گریمانەی پێشینە مان هەیە کە زمانناسان لە هەندێکی دواون بۆ نموونە زمانناسێکی وەک (کارتۆنین) سی و یەک جۆری گریمانەی پێشینەی دیاری کردووە. بەڵام ئێمە لێرە باس لەو جۆرە گریمانانە دەکەین لە نێو پراگماتیکن و بە پێی دەوروبەر بەرهەم دێن بۆنموونە زمانناسێکی وەک (یول- Yule) شەش جۆری گریمانەی پێشینە دیاری کردووە بەم شێوەی خوارەوە:

١ – گریمانەی پێشینەی بوون
٢ – گریمانەی پێشینەی راستەقینە
٣ – گریمانەی پێشینەی ناراستەقینە
٤ – گریمانەی پێشینەی مەرجیی
٥ – گریمانەی پێشینەی فەرهەنگیی
٦ – گریمانەی پێشینەی رۆنانیی

## ١ – گریمانەی پێشینەی بوون:

لەم چەشنە گریمانەی پێشینەدا گرنگی بە کەرەسەکانی رستە دەدرێت و دەبنە تەوەرەی گەیاندنی مەبەست لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر بەم پێیە گریمانەکە پشت دەبەستێت بە جۆرەکانی فرێز بە تایبەتی فرێزی دیارخەری.

قەڵای هەولێر بەناوبانگە.

"هەولێر قەڵای هەیە"

## ٢ – گریمانەی پێشینەی راستەقینە:

واتاسازی ح ئاوات ئەحمەد

ئەم جۆرەی گریمانەیە زیاتر لەو جۆرە کارانە وەردەگیرێن کە، لە چاوگەکانی وەک (زانین، درککردن،....تد) وە دروست دەبێت، کە جۆرە گریمانەیەکی پێشینە دێنێتە ئاراوە و راستی زانیاری گریمانەکە دەخاتەروو.

هەموو دەزانین بەشی کوردی لە کۆلێژی زمان هەیە.

''کۆلێژی زمان بەشی کوردی هەیە.

## ٣ - گریمانەی پێشینەی ناراستەقینە:

ئەو جۆرەی گریمانەی پێشینەیە مەرجی راستی تێدانییە، واتە ئەو جۆرەی گریمانەی پێشینەیە لەگەڵ لۆژیک ناگونجێت. بەواتایەکی تر هەندێک وشە و فرێز لە نێو گوتنەکە دێن، کە گریمانەی پێشینەی ناراستەقینە بەرهەم دێنن. ئەمەش لە هەندێک کار رووددات وەک (خەوبینین، تەسەورکردن، وا دانان ....تد).

لە خەومدا دەوڵەمەند بووبووی.

''تۆ دەوڵەمەند نیت''

## ٤ -گریمانەی پێشینەی مەرجیی:

بریتییە لەوەی کە گریمانەی پێشینەی مەرجیی بریتییە لەوەی کە، راستی تێدا نییە، بەڵکو دژی واقعیشە. ئەم جۆرە گریمانەیە زیاتر لەو رستانەدا هەیە، کە لێکدراون. چونکە ئەو جۆرەی رستە دەکرێت لەگەڵ بواری راستی و لۆژیکیش دا نەگونجێت بە شێوەک لە گریمانەی پێشینەی ناراستەقینە زیاتر سنووری بەستنەوەی نێوان قسەکەر بە دەوروبەر و دنیای پچڕاو، بەشێوەکە هیچ مەودایەکی بۆ هاتنە دی نەهێشتۆتەوە.

ئەگەر ئۆتۆمبێلت هەبوایە ، دەتبردمەوە ماڵێ.

''ئۆتۆمبێلت نییە''

## ٥ – گریمانەی پێشینەی فەرهەنگیی:

واتاساز م. ئاوات ئەحمەد

بەشـــێکی زۆری بەشـــەئاخاوتنی کـــار گریمـــانەی پێشـــینەی فەرهەنگـــی بەرهەم دێـنن، وەک (ئاشـبوونەوە، وازهێنـان، دەسـتپێکردن،...تـد). ئەم جـۆرەی گریمـانەی پێشـینەیە لە کاتێکـدا بـوونی دەبێـت، کە دانەیەکـی فەرهەنگـی لە کـۆی رسـتەیەکی دەربـڕاو زیـاتر جەختـی لەسـەر بکرێـت و زەق بکـرێتەوە لەو کاتەشـدا، جگە لە واتـا فەرهەنگـیەکەی لە بـاری ئاسـاییدا هەیەتـی واتـایەکیش بە هۆی گریمانەی پێشینە دەخشێت.

ئەلەند نەیتوانی نووسینی چیرۆکەکە تەواو بکات.

''ئەلەند چیرۆک دەنوسێت''

ئەلەند توانی نووسینی چیرۆکەکە تەواو بکات.

''ئەلەند چیرۆک دەنوسێت''

## ٦ -گریمانەی پێشینە رۆنانیی(پێکهاتەیی):

ئەم جـۆرەی گریمـانە دوای ئـامرازی پرسـیار دروسـت دەبێـت ( یـولی-Yule)پێـی وایە هەنـدێک گریمـانە بە هـۆی دروسـتەی رسـتەوە دروسـت دەبـن، بەمەش رسـتەکان دەتوانـدرێت شـیبکرێتەوە و بە جۆرێـک لە قسـەکردندا دەتـوانین گریمانەکانمـان رێـک بخەیـن، جۆرێـک گریمـانە دروسـت دەکـات، کە وەک گریمـانەی راسـتی وایە. بەڵام مەرج نیـیە دوای ئـامرازی پرسـیار ئەم گریمـانەیە بەرهەم بێـت، چـونکە پرسـیار و وەڵام دەبێـت هەردووکیـان راسـت بـن بـۆیە ( أف.ار.پـالمەر ) دەڵێـت (لەرووی لـۆژیکیەوە پابەنـدی ئەو بیـرۆکەیە بـین، کە، دەڵێـت نـاو دەسـتەواژەکانی زمـان دەبێـت بـۆ کەسـێک یـان شـتێک بگەڕێـتەوە، لە دەرەوەی زمـان چـونکە مەرج نیـیە نـاو ئەو دەسـتەواژە زمانییـانە لە دەرەوەی زمان بوونیان هەبێت.)

ئاو لە پلەی سفر دا دەبەستێت؟

''ئاو دەبەستێت.

## نیشانکارەکان:



واتاسازی م.ئاوات ئەحمەد

لە زمانی کوردیدا زاراوەی نیشانکار بەرامبەر زاراوەی (Deixis)ـی ئینگلیزی دەوەستێت، زاراوەکە لە زمانی کوردیدا لەرووی پێکهاتوە زاراوەیەکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە (نیشان) ناوێکی سادەیە و (کار)ـیش هەر ناوێکی سادە و بە واتای ئیش دێت. کۆی زاراوەکە بە واتای خستنەرووی نیشانکردن دێت. هەروەها زاراوەیەکی تری یش بۆ هەمان مەبەست بەکاردێت کە، ئەویش بریتییە لە گیرکردنی گوتن لە دەوروبەر، بەڵام ئەمەی دوایی کەمتر بەکاردێت.

لەبارەی چەمکی نیشانکاریشەوە قسە و بۆچوونی زۆر هەیە، بەڵام هەموو لێکۆڵەر و زمانناسان لەسەر یەک تایبەتمەندی نیشانکار رێککەوتوون ئەویش بریتییە لەوەی نیشانکار ئەرکی لەیەکتر گرێدانی زمان و دەوروبەرە. بۆیە لێرەدا هەندێ پێناسەی نیشانکار دەخەینەروو:

میلەر لەبارەی نیشانکارەوە دەڵێت نیشانکار پەیوەندی لە نێوان زمان و جیهانی دەرەوەدا دروست دەکات.

جۆرج یول بەم شێوەیە پێناسەی نیشانکاری کردووە لێکدانەوەی هەموو ئەو دەستەواژە کەسی و کاتی و شوێنییانە بەستراوە بەو قسەکەر و گوێگرەوە کە، دەوروبەرێکی هاوبەشیان هەیە.

د. محمد معروف بەم جۆرە پێناسەی نیشانکاری کردووە مەبەست لەو نیشانانەی زمانن کە، زمان و دەوروبەر لەیەکتری گرێدەدەن یان کردەی گوتن رێزمانیی رێژدەکەن.

ئەوەی لەو پێناسانەی سەرەوە بەدی دەکرێت هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە، نیشانکار بەکاردێت بۆ لەیەکتر بەستانی نێوان زمان و دەوروبەر، ئەوەش بۆ نەهێشتنی لێڵی و تەمومژی، چونکە هەموو گوتنێک واتایەکی روونی نییە و هەندێ جار دەبێ بە هۆی دەوروبەرەوە واتای گوتنەکان لێکبدەینەوە.

## جۆرەکانی نیشانکار:

لەبــارەی دەستنیشــانکردنی جۆرەکــانی نیشــانکارەوە یەک بۆچــوون و رای یەکلایــی کەرەوە بەرچــاو ناکەوێــت، ئەوەش دەگــرێتەوە بــۆ رووانینــی جیاواز بۆ چەمکی نیشانکار، هەندێ لە نووسەران و زمانناسان نیشانکاریان بە سێ جۆر هەژماركردووە، و هەندێکی تر بە چوار جۆر و هەندێکی تر بە شەش جۆر هەژماریان کردووە، ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا تەنیا ئاماژە بە نیشانکارەکانی (کەس و کات و شوێن) دەدەین و قورسایی تەواویش دەخەینە سەر نیشاناکری کەسیی.

### ١ – نیشانە کەسییەکان:

نیشانە کەسییەکان ئاماژە بۆ ئەو کەسانە دەکەن کە، بەشداری ئاخاوتن دەکەن و رۆڵی ئەو کەسانەش نیشاندەدات کە، هاوبەشی قسەکردن دەکەن لەزمانی کوردی و زۆربەی زمانانی جیهان سێ کەس هەن کە، ئەوانیش بریتیین لە کەسی قسەکەر و کەسی گوێگر و کەسی نائامادە (غایب)، یان بە دەربڕینێکی تر کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمن. بێگومان کاتێ ئاخاوتن بەڕێوە دەچێت ئەوە رۆڵی کەسەکان دەگۆڕێت وەک گوێگر دەبێتە قسەکەر و بە پێچەوانەشەوە. بەم پێیەش بێ هەریەکە لە بەشەئاخاوتنەکانی (ناو، جێناو) دەبن بە نیشانکاری کەسی، هەروەها هەندێک کەرەسەی وەک (ناسناو، ئامرازەکانی بانگکردن) هەندێ وشەی دەبڕینی رێز بەتایبەتی زاراوەکانی خزمایەتیش دەبن بە نیشانکاری کەسی.

فرۆشتنی کەلەپەل راگیراوە .

ئەم گوتنە فەرمانبەری مارێکتێک دەری ببڕێت ، تەنیا کاری گوتنەکەی ئەنجام داوە ئەگەرنا فەرمانەکە لە بەڕێوەبەرەوە دەرچووە .

### ٢ – نیشانە شوێنییەکان:



واتاسازی د.ئاوات ئەحمەد

نیشانەکانی شوێن شوێنی گووتن لەچاو هاوبەشەکان دیاری دەکەن نیشانەکانی شوێن بە بەشەئاخاوتنی ئاوەڵکاری شوێنی وەک (لەکن، لەلا، لەپشت...تد) بەڵام نیشاندانی شوێن جۆراوجۆرە، بۆ نموونە (ئێرە) ئاماژەیە بۆ نزیکی لە شوێنی قسەکەرەوە، بەڵام (ئێرێهێ) واتای شوێنێکی دوورتر لە قسەکەر دەدات. بۆ دیاریکیدنی شوێن هەندی ئاماژەی جووڵەییش رۆڵ دەگێڕن، هەروەها نیشانەکانی (ئەم...ە) نیشانە نزیکی دەدات و (ئەو...ە) نیشانەی دووری دەدات.

سەگەکە لەلای دەرگاکەیە.

ئەم گووتنەی سەرەوە ئاماژەیەکی شوێنی تێدایە، بەڵام کامە شوێنە ئەوە روون نییە. ئەوەش پێویستی بە دەوروبەر هەیە، چونکە روون نییە لای دەرگاکە کوێیە؟ ئایا دەرگای ماڵەوەیە یان دەرگای گەراجە یان...تد بۆیە دەبێ لێرەدا یان قسەکەر و گوێگر لە هەمان شوێن بن، یان دەبێ گووتنی دووەمیش لەئارادابێ و پرسیار بکات و چاوەڕێی وەڵام بکات چونکە چەمکی دووری بەروونی دەکەیتە بواری نیشانەی شوێنییەوە کە، تێیدا شوێنی تاک و شتەکان دیاری دەکرێت.

أ ئەم نانە.

ب ئەو نانە.

ئەم دوو گووتنەی سەرەوە هەندێ جار لەلایەن بەکارهێنەرانەوە بەهەڵە بەکاردەبرێت، چونکە (ئەم...ە) بۆ مەبەستی نزیکی لە قسەکەرەوە بەکاردێ و ئەوەی دووەمیشیان بۆ مەبەستی دووری بەکاردێ. لێرەدا ئاماژەی جووڵەیی رۆڵی تەواو دەگێڕێت، ئەگەر بەدەست ئاماژە بکرێت و ئەم گووتنەی سەرەوە بگوترێت هەرچەندە شێوەی گووتنەکە هەڵە بێ ئەوە بەهۆی ئاماژە جووڵەییەکەوە واتایەکی راست دەدات، لێرەشەوە دیسانەوە

هەر پێویستمان بە دەوروبەر دەبێتەوە، چونکە نازانین کامە مەبەستە ئەم یان ئەو.

منداڵەکە لە ژێر دارەکەدا خەوتووە.

(لەژێردارەکە) نیشانکاری شوێنە لە گووتنەکەی سەرەوەدا، رێک ئەوە بە مێشکی ئێمەدا دێت کە، مەبەست کامە دارە، چونکە دەکرێ ئەو شوێنە زیاتر لە دارێکی لێبێت، دیسانەوە شوێنی هاوبەشەکانی ئاخاوتن رۆڵی خۆیان دەبێ ئەگەر لە هەمان شوێن بن ئەوە مەبەست روونە بەڵام ئەگەر شوێنیان جیاوازبێ ئەوە دەبێ پەنا ببرێتە بەر دەوروبەری گووتنەکە بۆ لێکدانەوە و روونکردنەوەی واتاکەی. بەگشتی چەند جۆرێکی شوێنمان هەیە، بەگوێرەی دوورونزیکی:

١ – شوێنی نزیک لە قسەکەر.

٢ – شوێنی نزیک لە گوێگر.

٣ – شوێنی نزیک لە جەماوەر.

دوو جۆر ئاماژە هەیە بۆ شوێن:

١ – بەناو هێنان و وەسف کردنی شوێنەکە.

تۆ لە ژوورەکە دانیشتبووی.

٢ – بەشوێن دیاری کردن:

أ – لەچاو شوێنێکی تردا:

کۆلێژی زمان نزیک گەراج بەغدایە.

ب – لەچاو خاڵێکی نەگۆڕدا.

کوردستان دەکەوێتە سەر ٣٠ – ٤٠ ی رۆژهەڵات.

ج – لە دیدی هاوبەشەکانەوە.

بەشی عەرەبی ٥٠٠م لە بەشی مێژوو دوورە.

واتاسازی ج. ئاوات ئەحمەد

## نیشانەکانی کاتی:

کــات لەرووی فیزیــاییەوە بــریتییە لە مــاوەی خایانــدراوی روودانــی هەر پرۆســەیەک، بەڵام لە رووی زمانناســییەوە دەبێــت دوو جــۆر کــات لەیەکتــری جیــا بکەینــەوە ئەوانــیش کــاتی (فیزیــایی- ســیمانتیکی) و (رێزمــانی) ســەرەڕای ئەوەش دەبــێ لە بەکارهێنــانی نیشــانەکانی کاتــدا جیــاوازی لە نێــوان کــاتی گــووتن و کــاتی روودانــی گــووتنەکە بکەیــن. نیشــانکارە کاتییەکــان بــریتین لەو نیشــانانەی کە کــاتی گــووتن لە روانــگەی قســەکەر و گــوێگرەوە دیــاری دەکەن. لە زمــانی کوردیــدا هەریەکە لە بەشــەئاخاوتنەکانی ئاوەڵکــاری کــاتی مۆرفیمەکــانی کــات کە، بــریتیین لە (أ، ت، د، و، ی)ــن کــاتی رابــردوو و (دە، Ø ) کــاتی رانەبــردوو نیشاندەدن، لەرووی رێزمانییەوە.

من لە هەولێر دەژیام.

لەم گــووتنەی ســەرەوەدا نیشــانکاری کــات بەروونــی بــوونی نیــیە، بەڵام بە سەیرکردنی کــاتی کــاری گــووتنەکە، بەجۆرێــک بۆمــان روون دەبێــتەوە کە کــاتی کــارەکە رابــردووە، چــونکە مــۆرفیمی رابــردووی (أ) هــاتووە، ئەوەش زمــان دەورووبەری بەیەکەوە بەســتاوەتەوە، چــونکە وشــەی رابــردوو لە خــودی گــووتنەکە دا نیــیە، بەڵام بە هــۆی لێکــدانەوەی دەورووبەریــیەوە توانیمــان بەم ئەنجامە بگەین.

ئەمڕۆ ناهێم بۆ زانکۆ.

هــاتنی ئاوەڵکــاری (ئەمــڕۆ) لەم گــووتنەی ســەرەوە نیشــانەیە بــۆ کــات، چــونکە ئەوەی لــێ دەخوێنــدرێتەوە کە، ئەمــڕۆ نــاهێتە زانکــۆ نەک رۆژێکــی تــر، هەروەهــا دەبــێ ســەرنجی کــاتی گــووتن و کــاتی نەهــاتنەکەش بــدەین، چــونکە کاتی گووتن و نەهاتنی بۆ زانکۆ لە یەک کاتدا روونادات.

بەیانی دەچین بۆ سەیران.

ئاوات ئەحمەد

نیشـــانکاری کـات لەم گـووتنەی ســەرەوەدا بــریتییە لە (بەیــانی) + پێشــگری (دە) لە کــارەکەدا، لێـرەدا ئەگەر پشــت بکەیــنە دەوروبەر ئەوە بۆمــان روون نــابێتەوە بەیـانی دەکـاتە چ رۆژێک چـونکە هەمـوو رۆژێـک دەکـاتە بەیـانی لەوانەیە هەینـی یــان..... تــد بێـت، بەڵا ئەگەر هاوبەشـــەکانی ئاخــاوتن پیشــت بە نیشــانکارەکان ببەســتن لە بەکارهێنــانی دەوروبەردا ئەوە گـــووتنەکە بە تەواوری واتــای روون دەبێتەوە.

## نیشانەکانی کۆمەڵایەتی:

ئەونیشـــانان کە پــلە و پـــایەی کـــۆمەڵایەتییە جیاکـــان نیشـــان دەدەن لە نێـوان هاوبەشــەکانی ئاخـاوتن. بـڵاو تـرین جـۆری نیشـانەی کـۆمەڵایەتی جێنـاوە کەسـیەکانن یـا نـاوی تـایبەتی و ناسـناو ناوەکـانی خزمەتـی هەنـدێک نـاوی گشـتی وەک (مامۆســتا، دکتۆر،...تــد) نیشــانە کۆمەڵایەتییەکــان دوو جــۆر بەکارهێنانیــان هەیە :

١ – ئاماژەکردن، وەک پورە فلان هات.

٢ – دواندن، وەک پوریّ ئاوا نابێت.

نیشـــانە کۆمەڵایەتییەکـــان بەزۆری لە شـــێوەی لێکســـیکین وەک (جەنـــاب، گەورە، بوکتان، بەندە،...تد)

ق – ئەوە کێیە لەگەڵت؟

گ – خورامکارتن.

واتاسازی م. ئاوات ئەحمەد

## گرنگی نیشانکار لە ئاخاوتندا:

١ - نیشانکار بە هەموو جۆرەکانییەوە پرۆسەی بە ئابووری کردنی زمان نیشان دەدەن چونکە شوێن پڕ دەکەنەوە لە بەکارهێناندا.

٢ - نیشانکار بەهای لە گووتنێکەوە بۆ گووتنێکی تر دەگوازێت، بە تایبەتی لە نێو ئاخاوتندا. واتە جێگۆڕکێ دەکەن وەک جێناوەکان ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ نۆرەگرتنی ئاخاوتن.

٣ - نیشانکار خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ لە گووتندا ئامادە نییە، بەڵام لە لێگدانەوەی گووتندا سوودی خۆیان دەبیت.

وەستان قەدەغەیە.

ئەم ڕستەی سەرەوە بەبێ دەوروبەر واتاکەی ڕوون نییە، دیارنییە کە بۆچی وەستان قەدەغەیە، ئایا وەستان بۆ ئوتومبێل یان بۆ مرۆڤ یان ....تد قەدەغەیە.

٤ - نیشانکارەکان بە نیشانەی پراگماتیکی ئەژمار دەکرێن هەرچەندە خۆیان لەسنووری نێوان سیمانتیک و پراگماتیکدا کار دەکەن.

٥ - نیشانکار هۆیەکی باشە بۆ ڕەواندنەوەی لێڵی و تەمومژی ئاخاوتن، چونکە زمان و دەوروبەر بەیەکتری دەبەستێتەوە.

ئەوان وەستان.

ئەم ڕستەی سەرەوە بە بێ دەوروبەر ڕستەیەکی لێڵ و تەمومژاوییە، بەڵام کاتێ کە، هەمان ڕستە دەخەینە نێو گووتنێکەوە ئەوە ئەو لێڵییەی نامێنێت.

واتاسازی د. ئاوات ئەحمەد

## بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:


بەرهەمەزمانەوانییەکان، د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٥.

پراگماتیـک و واتـا ونیشـانە، هـۆگر محمـود فەرەج، ٢٠٠٠، نـامەی دکتـۆرا، ز. سلێمانی.

پراگماتیکی رستەی پرسیار و فەرمەندان، ٢٠٠٦، نامەی ماستەر، ز:سلێمانی.

ریزگرتن لە زمانی کوردیدا، ئارام عبدالواحید ، ٢٠١٣.

رەنگدانەوەی چەند لایەنێکی واتاسازی، د.صباح موسی علی ، ٢٠٠٩.

رەهەندی دەرونی لە بواری راگەیاندن، د.عبدالواحید مشیر دزەیی ، ٢٠٠٥.

زانستی پراگماتیک ، عبدالواحید مشیر دزەیی ، ٢٠١١

زمانەوانی، د.محمد معروف فتاح، ٢٠١١.

زمانەوانی، محمد معرووف فتاح، ١٩٩٠.

سـیمای پراگمـاتیکی و سـیمانتیکی گریمـانە پێشـەکیەکان، ٢٠٠٩، نـامەی دکتـۆرا، ز:کۆیە

سـیمای سـیمانتیکی و پراگمـاتکی گریمـانەی پێشـینە، عمـر محمـود کـریم، ٢٠٠٩، ن . د . ز.کۆیە.

سەرەتایەک بو زمانەوانی ، هدسن ، ٢٠٠٨ ، و: د.هۆشەنگ.

گۆڕانی واتای وشە، عبدالله عزیز بابان ،١٩٩٠، نامەی ماستە ، ز.سەرحەدین.

هاودەنگ لە زمانی کوردیدا، فتاح مامە ، نامەی ماستەر ، ١٩٨٩ ، ز.سەرحەدین.

واتا و دەوروبەر، سازان رزا معین، ٢٠٠٥ ، نامەی ماستەر ، ز.سەرحەدین.

واتاسازی ، کلۆدجیرمان و ریمۆلۆبلان ، ٢٠٠٦ ، و: د.یوسف شریف

واتاسازی وشە ، بێخاڵ عبدالله ، نامەی ماستەر ، ١٩٨٩ ، ز.سەرحەدین.

واتاسازی وشە و رستە، عبدالواحید مشیر دزەیی، ٢٠١٠.

واتاسازی، د.تالیب حسێن ، ٢٠١١.

واتاسازی، د.عبدالواحید مشیر دزەیی، ٢٠٠٩.


واتاسازی م.ئاوات ئەحمەد

واتاسازی، دارا حمید محمد ، ٢٠١٠.
وشەی زمانی کوردی، د.ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥.
محمدمحمد یونس علی، مقدمه فی علم الدلاله و التخاطب ، ٢٠٠٤.
محمدمحمد یونس علی، التخاطب الاسلامی ، ٢٠٠٦
محمدمحمدیونس علی وصف لغه العربیه دلالیا،١٩٩٣
علم الدلاله ، احمد مختار عمر ، ١٩٨٢
علم الدلاله ، اف ار بالمر ١٩٨١
علم الدلاله السلوکی ، جون لاینز ، ١٩٨٦
علم الدلاله ، عادل الفاخوری ، ١٩٨٩
علم الدلاله ، نورالهدی لوشن ، ١٩٩٥
مدخل الی علم الدلاله و التخاتب ، محمد محمد یونس ،٢٠٠٤
علم الدلاله ، بیروجیرو ، ١٩٩٢
اللغه و المعنی والسیاق ، جون لاینز ، ١٩٨٧
الترادف فی اللغه ، حاکم مالک لعیبی ،١٩٨٠
مفهوم المعنی ، عزمی اسلام ، ١٩٨٥
دور الکلمه فی اللغه ، اولمان ، ١٩٨٦
منهج البحپ اللغوی ، علی زوین ، ١٩٨٦
1997، PRWGMATICS،LEVINSON
1983، PRAGMATICS،YULE

واتاسازی م.ئاوات ئەحمەد